برووسکه چاندن

(آذرخش افشانی)

بروسکه چاندن

(آذرخش افشانی)

شاعر: عبدالله پَشیو

مترجم: نجم‌الدین شوکتیاریان

چاپ اول

۱۳۸۸ش

سرشناسه، پشیو ، عبدالله ۱۹۴۷ میلادی
عنوان و نام پدید آور: بروسکه چاندن (آذرخش افشانی) / شاعر: عبدالله پشیو ؛
مترجم: نجم‌الدین شوکتیاریان
مشخصات نشر: انتشارات مظهری ، ۱۳۸۷
مشخصات ظاهری: ۱۱۳ ص
شابک: ۵-۲ -۹۰۵۸۵ - ۶۰۰ - ۹۷۸ در نظام ISBN و EAN
وضعیت فهرست‌نویسی: فیپا
موضوع: شعر کردی عراق ، قرن ۲۰ ، ترجمه شده به فارسی
شناسه افزوده : نجم‌الدین شوکتیاریان (۱۳۲۹ش/۱۹۵۰م)
رده‌بندی کنگره : ۱۳۸۷ ۴۵۷ ب ۶۴۳ س /PIR ۳۲۵۶
رده‌بندی دیویی : ۹/۲۱ فا ۸
شماره کتابشناسی: ۱۶۲۹۵۷۹

انتشارات مظهری
سنندج-بلوار پاسداران-شالمان
تلفکس: ۰۸۷۱ ۶۶۶ ۰۲۱۱

شناسنامه‌ی کتاب:
نام کتاب: **بروسکه چاندن (آذرخش‌افشانی)**
شاعر: **عبدالله پَشیو**
مترجم: **نجم‌الدین شوکتیاریان**
مقدمه (کردی و فارسی): **یحیی مظهری**
ویراستار: **سلما ساعدی**
طراح جلد: **ثاری**
حروفچینی و صفحه‌آرایی: **ڤیان کامپیوتر، سوران عبدی، ۲۲۶۷۴۸۰**
شمارگان: **۲۰۰۰ جلد**
ناشر: **انتشارات مظهری**
چاپ اوّل
شابک: **۵ -۲ -۹۰۵۸۵ - ۶۰۰ - ۹۷۸**
مجوز دائم وزارت ارشاد اسلامی : ۳۲-۱۵/۷۳۲۶ مورخ : ۸۸/۶/۲۴
سال چاپ: **۱۳۸۸**

﴿حق چاپ برای ناشر محفوظ است﴾

قبل از مطالعه‌ی کتاب

به تصحیح اغلاط چاپی زیر اقدام فرمایند.

ردیف	صفحه	سطر	غلط چاپی	صحیح
۱	۱۰	۲۱	و مفهوم کلی آن	و مفهوم کردی آن
۲	۱۶	۷	کورده‌کانی عێراقدا	کورده‌کانی عێراق‌دا
۳	۱۸	۲۳	ماناێ وشه‌کان	ماناێ وشه کوردیه‌کان
۴	۳۴	۲۰	که‌ڵك له‌و رخنانه	که‌ڵك له‌و ره‌خنانه
۵	۳۹	سطر دوم	بگو :	بمن بگو
۶	۳۹	سطر ۱۱	و افسار نهی	افسار نهی
۷	۳۹	۱۴	و به دیگر ساعت	به دیگر ساعت
۸	۳۹	۱۸	و به دیگر ساعت	به دیگر ساعت
۹	۶۱	۲	پژمرده گشت عمر گُلشنت	پژمرده گشت عمر گُلت
۱۰	۷۹	۱۵	گر بمیریم تازه پیروزیم	گر بمیریم باز پیروزیم
۱۱	۸۴	سطر آخر	خواهمش مکید تا آخرین دم	خواهمش مکید چون آخرین دم

فهرست مطالب

پیشگفتار ۸
پیشه‌کی ۱۶
مقدمه کردی و فارسی استاد یحیی مظهری ۲۶
پیشه‌کی بو برووسکه چاندن ۳۱
ایده ۳۵
تا نصف راه آمده‌ایم ۳۶
برای یک کولی ۳۷
راز ۳۹
تمنا ۴۰
برای روزا ۴۱
تنهایی ۴۲
دفتر سرخ ۴۴
دیروز و امروز ۴۶
سکوت ۴۷
خودکشی ۴۹
خو ۵۰
در شهر روم یا «نامه‌ای از روم به مسکو ۵۱
چقدر می‌ترسم ۵۳
جدایی ۵۴

برای شوان [خواننده‌ی مشهور کرد] ۵۵
کولاک ۵۸
آخرین درس ۵۹
تحیّری ۶۰
از هاینه ۶۱
حرص و آز ۶۲
افروختن ۶۳
میعاد ۶۴
رودبار ۶۵
عقاب و درخت ۶۶
ترس ۶۷
غریبه ۶۸
حسرت ۶۹
مردن ۷۰
جوانی و پیری ۷۱
شاهکار ۷۲
شادی ۷۳
دونیم شدن ۷۴
مرد ۷۵
در یک باغ ۷۷
تمنای درون ۷۸
تا چراغ ما نسوزد ۷۹
کشیک دادن ۸۲
گمان ۸۳
گر سیبی بود ۸۴
برای مارگریت ۸۵
اعتراف ۸۷
خودمختاری ۸۸
گنجینه ۹۰
چلچراغ و شمع ۹۱

شفاف‌بینی ۹۲
گوهر ۹۳
گفتگوها ۹۴
دیوار ۹۶
زن ۹۷
کنگره‌ی ظروف شیشه‌ای ۹۹
تو دلتنگی ۱۰۰
تولد ۱۰۱
برای یک اینترناسیونال ۱۰۲
برای هنرمندی ۱۰۳
دستفروش و خر ۱۰۵
امید ۱۰۷
فه‌رهه‌نگوک ۱۰۸

پیش‌گفتار

در ایـام جـوانی و در اوّلـین سـال‌هـای قبـل و بعـد از ورودم بـه دانـشگاه یعنـی سـال‌هـای ۵۳-۱۳۵۲ بـا آثـار و افکـار اسـتاد عبداله پـشیو (عەبدوڵـلا پەشـێو) آشـنا شـدم. ایـن آشـنایی هنگـامی قـوت بیـشتری گرفـت کـه جریـان غیـر اتفـاقی دیـدار شـاه ایـران و صـدام حـسین در فرودگـاه الجزایـر روی داد و همـین دیـدار بـه ظـاهر سـاده ضـربه‌ای هولنـاک بـه مناسـبات جنـگ کردهـای عـراق بـا صـدام زد. بـه طـوری کـه پیامدهای این دیدار عمدی منجـر بـه آن شـد تـا مـلا مـصطفی بـارزانی کـه در آن هنگـام رهبـر منازعـات کردهـا بـا صـدام بـود از هـوادارانش خواسـت اسـلحه‌ی خـود را بـه زمـین بگذارنـد و در ایـن میـان چـه بـسیاری از همـین هواخواهـان خـود را زنـده زنـده در آتـش سـوزاندند و یـا بـا گلولـه بـه زنـدگی خـویش خاتمـه دادنـد. شـاه ایـران بـا بـه آب دادن دسـته‌گلـی ایـن چنـین و عـدم همکـاری تـسلیحاتی بـا کردهـا عمـلاً آن‌هـا را در منگنـه قرار داد و از ادامـه‌ی فعالیـت جنگـی علیـه صدام بازداشـت. و چـون بـدنامی جهـانی را بـا این عمل برای خـود خریـده بـود بـرای آن کـه سـناریوی ریاکـاری خـود را تکمیـل کنـد و از طرف دیگر هم زیـر فـشار جهـانی ایرادهـای وارده بـر خـود قـد راسـت نمایـد اجـازه داد آوارگـان کـرد عراقـی وارد ایـران شـوند. و در بخـش‌هـایی از آن اسـکان یابنـد. بـر ایـن اسـاس هـزاران پیـشمرگ آواره و وابـستگان آن‌هـا بـه خـاک ایـران سـرازیر شـدند. در همـان ایـام روزی در اتوبـوس مـسیر راه تبریـز- سـنندج بـا دو تـن از ایـن آوارگـان بـه ایـران آمـده آشـنا شـدم. و در مـسیر راه، سـخن بـه اشـعار انقلابـی شـاعر کـرد ماموسـتا عبداله پشیو کشیده شد. کـه یکـی از آن دو تـن بـه نـام کـاک احمـد غانـدی (امیـد اسـت کـه در عـین سـلامت و عافیـت باشـند) از سـری شـعرهای دوازده درس بـرای کودکـان، چند سـروده بـرایم خوانـد و توضـیح داد کـه مـرا سـخت تحـت‌تـأثیر قـرار داد. بـه طـوری که پس از آن دیـدار بـرای یـافتن آثـار ایـن شـاعر کنکـاش بـسیار کـردم. چـرا کـه در آن ایام صدام و صدامیان اجازه نمی‌دادنـد آثـار ایـن شـاعر منتـشر شـود و خـود شـاعر هـم در تبعیـد بـود. بـا وجـود ایـن در آن هنگـام دفترهـایی از ایـن شـاعر هـم‌چـون «فرمیسـک و

زام» (اشک و زخم)، «بتی شکاو» (بت شکسته)، «شەو نیە خەوتان پیوە نەبینم» (شبی نیست که خوابتان را نبینم)، «دوانزە وانە بو منالان» (دوازده درس برای کودکان)، «شەونامەی شاعیریکی تینو» (شب‌نامه‌ی شاعری تشنه)، به صورتی پراکنده اما بدون نظارت شاعر توسط هواخواهان بدون مجوز منتشر شد. که بعضاً یا ناخوانا بود و یا به صورتی سلیقه‌ای کلمات یا جملاتی غلط را جایگزین می‌کردند که مفهوم کلی شعر را عوض می‌کرد و با اندیشه‌ی شاعر فاصله‌ی بسیار داشت. و تا سرنگونی صدام که خود شاعر به وطن بازگشت این موارد ادامه داشت. پس از بازگشت بالاخره سر فرصت این شاعر توانا تمامی آثار خود را در دو کتاب نسبتاً قطور به نام «پشت لە نەوا و روو لە کریوە» (پشت به پناه و رو به کولاک)، و دیگری «هەسپم هەورە و رکیفم چیا» (اسبم ابر است و رکابم کوه)، را تدوین و در چاپخانه‌ی وزارت پرورش هولیر به چاپ رسانید که تمامی نواقص کتاب‌های چاپ شده‌ی پیشین را رفع نمود و در اختیار مشتاقان قرار داد.

علاوه بر این شاعر آثاری در زمینه‌ی ترجمه نیز دارد. از آن جمله ترجمه‌ی آثاری از مایاکوفسکی، پوشکین و بلوک.

در اینجا لازم می‌دانم که بیوگرافی استاد شاعر و شمه‌ای از شرایط زندگی ایشان را به نظر خوانندگان گرامی برسانم.

وی در سال (۱۹۴۵م) در روستای بیرکوت به دنیا آمد. روستای بیرکوت تا شهر هولیر یا اربیل عراق فاصله‌ی بسیار کمی داشت که بر اثر بزرگ شدن شهر و توسعه‌ی آن اینک به صورت یکی از محلات داخل شهر در آمده و در واقع درون شهر ادغام گردیده است.

استاد شاعر پس از آن که سال‌های اولیه‌ی عمر خویش را به فراگیری دروس می‌پردازد، روح لطیفش با اولین زمزمه‌های عاشقانه به غلیان می‌آید، طولی نمی‌کشد که به سبب کش‌وقوس‌های سیاسی موجود در منطقه این احساسات لطیف آرام‌آرام به سوی اشعار انقلابی گرایش می‌یابد و در همین اوان است که چند کودتای تقریباً پی‌درپی را به چشم می‌بینند که البته سردمداران کودتا هیچ کدام با ملت وی سرسازگاری نشان نمی‌دهند و درسنین۱۴-۱۵سالگی به سلک مبارزان راه آزادی می‌پیوند و همراه با آن طعم تلخ کودتاهای زیر را مزمزه می‌کند؛ اول کودتای عبدالکریم قاسم بر علیه ملک فیصل را و دوم کودتای فوریه‌ی ۱۹۶۳ حزب بعث بر

علیه عبدالکریم قاسم و سپس کودتای عبدالسلام عارف و بر سر کار آمدن برادرش عبدالرحمان عارف و طولی نمی‌کشد که کودتای حسن‌البکر را می‌بینند. که بالاخره پس از مرگ البکر نوبت جانشینی لومپن خیابان‌های بغداد، اسطوره‌ی جرم و جنایت و وحشیگری صدام حسین خونریز فرا می‌رسد که در فاصله‌ی این کودتاهای پی‌درپی استاد شاعر مجبور به کوچ اجباری از شهر و دیار خود می‌گردد و به ناچار روی به کشور شوروی نهاده که بالاخره در مسکو موفق به اخذ دکترای ادبیّات کردی از دانشگاه مسکو می‌گردد، که البته بعدها در سمت استادی دانشگاه، (دانشگاه الفاتح لیبی) مدتی به تدریس می‌پردازد.

ناگفته نماند؛ شاعر از سال ۱۹۶۵م تا ۲۰۰۵م آنچه از اشعارش را که بالاخره توانسته بود به هر شکل ممکن نگه دارد در این دو کتاب جمع‌آوری نمود. کتاب اوّل، مجموعه‌ی آن دفترهایی بود که در بالا بدان اشاره شد، امّا کتاب دوم دربرگیرنده‌ی دفترهایی به نام «بروسکه چاندن» (آذرخش‌افشانی)، و «به‌ره‌و زه‌رده‌په‌ر» (رو به سوی غروب»، و «سه‌ره‌تانی براکوژی» (سرطان برادرکشی)، که این یکی کاملاً بنا به ضرورت تاریخی سروده شده و در واقع بهتر است بگویم این بخش از اشعار تاریخ مصرف دارند، اما آخرین بخش از سروده‌های شاعر که تا ماه‌های پایانی سال ۲۰۰۵م سروده شده «پریسکه‌ی عاشقیکی زگماک» (بقچه‌ی عاشقی مادرزاد)، نام دارد. که حقیر بر اساس این دو کتاب دفتر فعلی و سایر دفاتر شعری وی را ترجمه نموده‌ام. و اینک جای آن است که در این رابطه مواردی به عرض خوانندگان برسد. در برگردان فارسی این اثر دو مورد ویژه مد نظر قرار گرفت، نخست آن که آن دسته از افراد که فارسی را بهتر می‌دانند اما از درک معنا و مفهوم کلی آن عاجزند با نگرش و مقابله‌ی آن به زبان فارسی به درک اندیشه‌های شاعر پی خواهند برد و دوم آن که کسانی هم‌چون کردهای آن سوی مرز که از نظر گویش فارسی دچار مشکل هستند می‌توانند در مقایسه با اشعار کردی آن درصدد رفع مشکل خویش برآیند.

ضرورت توجیه ساختار شعر کردی و عدم تأثیرپذیری از شاعران ملل همسایه و هم‌چنین احساسات مشترک شاعران کرد عراقی و محتوای آن، حقیر را بر آن داشت که فرازهایی از جستار ادیبانه‌ی سیدعلی صالحی شاعر کرد ایرانی را که بسیار ریزبینانه -ضمن توصیف و تفسیر شعر کرد- بیوگرافی چهار تن از شاعران

برجسته‌ی کرد عراقی را که عبارتند از: ۱- شیرکو بیکس ۲- لطیف هلمت ۳- رفیق صابیر و بالاخره استاد مورد نظر ما عبداله په‌شیو را که در مجله‌ی دنیای سخن شماره‌ی ۴۴ مهرماه سال ۱۳۷۰ تحت عنوان جهان و مویه‌های ازلی (درآمدی بر شعر کردستان عراق) به چاپ رسانده‌اند که بخش‌هایی از آن به نظر خوانندگان گرامی می‌رسد.

آقای سید علی صالحی می‌فرمایند: در چشم‌اندازی نه چندان دور، آوارگی و مصائب قوم کرد به صورتی غم‌انگیز... بعد از سقوط امپراطوری عثمانی به اوج خود می‌رسد. هر پاره‌ی تن زادگاه این ملت در شقی از خطوط جغرافیای خاورمیانه، هنوز هم به بقای نیم‌سوخته‌ی خویش ادامه می‌دهد، و متهورترین قاصدان مویه‌های این دل پاره پاره، شاعران این دیار مغمومند، شاعرانی نوخیز که در قفای خود نسلی چون صدقی الزهاوی، عبدالله گوران، بلند حیدری و هه‌ژار حماسه‌سرای را دارند.

صدقی الزهاوی گرچه با حکومت وقت در بغداد نزدیکی‌های انکارناپذیر داشت، اما شعرش به زبان عربی، ترکی و کردی گوشه‌هایی از فرهنگ و محتوای فرهنگی جامعه‌ی کرد را پر کرده است. بعد از زهاوی، عبدالله گوران که خود فرزند شاعر بزرگی چون سلیمان‌بیگ بود، دل از ملت خود جدا نکرد و پس از یورش انگلیسی‌ها به عراق لاجرم به مبارزان میهنی پیوست. مدتی در سلیمانیه به آموزگاری پرداخت، به زندان افتاد. روزنامه‌ی «ژین: زندگی» را منتشر کرد و خود برای اولین بار بانی و بیرق‌دار شعر آزاد و پیشرو ملت کرد شد. شاعری که هم‌چون نیمای ما قیود اوزان و قوافی سنتی را درهم ریخت و افق‌های دیگری، پیش روی شاعران بعد از خود گشود. برجسته‌ترین اشکال بیانی، تصویری و روایی شعر کرد را می‌توان در عصاره‌ی شعر این شاعر بدعت‌گذار جستجو کرد. عبدالله گوران در اواخر عمر صاحب کرسی ادبیّات و زبان کردی در دانشگاه بغداد بود و دو سال بعد بیماری سرطان او را از پای درآورد.

در بخش دیگری از این جستار آقای سیدعلی صالحی در خصوص ساختار شعر کردی و وابستگی و عدم وابستگی آن و احساسات مشترک شاعران کرد عراق بیان می‌کند: شاعران کرد به خاطر تشخص، امتیاز انسانی و مسیر متعهد خود، هرگز تسلیم تخیلی بی‌بار و پروسه‌ی زیبایی صرف کلام نمی‌شوند، آنچه خط

همبستگی زبان و جان خلاّق این شاعران را به وجود می‌آورد، صدای مشترک آن‌ها از یک حلقوم خونین است. که البته بیان اشکال دید در هر یک از شاعران کرد، هویّت مستقل و زبان ویژه‌ی خود را داراست؛ امّا احساسات مشترک، خبر از مشخصات همسان و همگون دوره‌ی ستم‌ستیزی یک ملت واحد می‌دهد.

شعر کرد ملتقای چندین حرکت آشکار اجتماعی و قومی است؛ زمزمه‌های سیاسی، اعتراض، تبعید، طغیان و ستیز که همه‌ی این حرکات چند لایه و چند جانبه امّا مشترک، از دو سوی به فوران آفرینش می‌رسند: انسان و آرمان. که این دو مسیر، همزادان و همگامانی با یک نیّت مشخصند. و آن تحوّل در ارگانیزم و شیوه‌ی زیستی انسان کرد است و یکی از عمده عواملی که تاکنون مسبّب حفظ و حراست فرهنگ این ملت شده است. همین همسویی اندیشه‌ی قومی است و گرنه فرهنگی که از چند جانب جغرافیایی در حصار و گاه یورش فرهنگ‌های دیگر ملل واقع شده است می‌بایست تاکنون هویّت ملّی خویش را از دست داده باشد. و اینجا اگر تنها در زمینه‌ی شعر به کنکاش ادامه دهیم، درمی‌یابیم که شاعران کرد به جای این که متأثر از شاعران سوری، ترک و عرب عراق باشند تا حدودی بر ذهنیّت شاعران ملل همسایه نیز تأثیرگذار بوده‌اند. (نمونه‌ی آن اشعار لطفی اوزکوک شاعر اهل ترکیه است که سایه‌هایی از ذهنیت شعر شیرکو بیکس بر فراز تصاویرش دیده می‌شود.)

آقای سیدعلی صالحی در توجیه این که شاعران کرد هیچ گاه از بزرگان شعر و ادب دیگر ملل همسایه تأثیرپذیر نبوده‌اند، موشکافانه در مقاله‌ی خویش این مطلب را تجزیه و تحلیل نموده است و در ادامه‌ی مقاله عنوان می‌کند: شاعران کرد عراقی با وجود آن که شاعران زبده‌ای در همسایگی فرهنگی آنان می‌زیسته‌اند از جمله معروف‌الرصافی، جرج صیدح، آدونیس (علی احمد سعید)، نزار قبانی و غاده‌السمان از سوریه و بالاخره ناظم حکمت و عثمان ترکای از ترکیه هرگز به صورت روشن و قابل تعریف زیر نفوذ شعری آنان قرار نگرفته‌اند و اگر گاه نزدیکی‌های ناگزیری میان پیام‌های شعر کرد با شعر فلسطین (عزالدین مناصره، محمود درویش، فدوی طوفان، سلیمی الخضرا، الجیوسی و جبرا ابراهیم جبرا) می‌بینیم، این گریز لاجرم را صرفاً به دلیل سرنوشت مشترک، دردها، مصائب و آوارگی‌های همگون دو ملّت کرد و فلسطین می‌دانند و نه تأثیر فرهنگ عربی. که

اگر تأثیری هم باشد، تأثیر انسانی محسوب می‌شود و بالاخره در بخش دیگری از این تحقیق می‌افزاید که: احساس می‌کنم عبدالله پشیو یا لطیف هلمت همشهریان «امه‌سزر» و «دیوید دیوپ» یا «لانگستون هیوز»اند.

در بخش دیگری از این جستار آمده است: شعر معاصر کرد همواره فوری‌ترین زمینه‌ی آگاهی را برای خواننده‌ی خود مهیا می‌کنند، و این پیمانه‌ها، طرفه‌ها و علائم، اشعاری است که بر اساس ارتباط متقابل به صورت مشهودی روش عاطفی را تبیین می‌کند. نگاه شاعر امروز کرد به عنوان یک حس بدیهی «*Intuition*» (شهود یا درون‌یافت) از اشیای محیط اطرافش (به گونه‌ای که در یک جامعه‌ی تهی از شدت بزنگاه‌های روحی و بحران‌های سیاسی دیده می‌شود) مطرح نیست.

جابجایی معانی زاییده‌ی بافت محیط حاکم است: درخت برای کرد یعنی محل استتار، غار یعنی پناهگاه، صخره یعنی سنگر، راه یعنی تا انتها رفتن، تا مرگ، سفر یعنی تبعید، زادگاه یعنی جگر پاره‌پاره و خانواده یعنی یادآور زخمی‌ترین رؤیاها!

و بالاخره آقای سیدعلی صالحی برای تبیین عنوان جستار خویش و این که تمامی فرازهای شعر کرد وامدار کدام عزت بی‌انتهایند، می‌افزاید: در جهان شاعران کرد مویه‌های ازلی، زمزمه‌ای است که با شاعر زاده می‌شود، اما با شاعر نمی‌میرد، بلکه به امانت، سپرده‌ی نسل بعد از اوست. در جهان شاعران کرد عاشقانه‌ترین هستی در «اضطراب»، «تفتیش» و «خروش» نطفه می‌بندد. پس با وجود چنین صفاتی، چنین عناصر و حوادث و چون‌های شتابنده‌ی روحی، می‌باید که در برابر شعر جدید کرد با انتظار و توقعی برتر برخورد کنیم و بر اساس اغراق در چنین انتظاری است که گاه احساس می‌کنم باید در خانواده‌ی هر کردی، «یانیس ریتسوس»ی (نامی‌ترین شاعر متعهد یونانی معاصر) زاده شود.

وجود شاعران کرد لجه‌ی خونینی است که نه تاریخ و نه طبیعت شقی، توان درمان و پانسمان آن را ندارد، تنها عشق تاوان‌کش آنان و آنان وامدار عزت عشقند.

آقای سیدعلی صالحی در نهایت به بیوگرافی و ویژگی‌های شعری هر یک از چهار تن شاعر مذکور قبل را ریزبینانه توجیه و در خصوص استاد عبدالله پشیو ضمن بیوگرافی و معرفی آثارش می‌افزاید:

عبدالله پشیو نازک‌اندیش و ظریف‌زاست، اهل انتخاب آگاهانه‌ی «واژه» در شعر نیست، پنداری شعر وردست اوست، به سادگی موجودیت محاوره‌ی عامیانه امّا با غنا و ژرفای شگفتی به بازآفرینی مکشوفات عاطفی بر می‌آید: بیشتر به روح شعر به هر شکل و بافت آن می‌اندیشد و از تبلور ساخت و پدیده‌ی جسمیّت شعر به هر شکل و بافت آن پرهیز می‌کند. در حقیقت می‌گذارد که شعر خود تکلیفش را روشن کند. هیچ نوع اقدامی عمدی و عملی و ادراکی در باب اعمال ساختمان و معماری شعر به کار نمی‌گیرد، راحت است.

عبدالله پشیو به صورت ذهنی و غیرمکانیکی به روانی حرکت کلمه در شعرش اهمیّت می‌دهد، بی آن که خود آشکارا دخالتی کرده باشد. او می‌داند که شعر، بازتاب همان صمیمیّت‌های کودکانه است. شعر او شکل دیگری از گفت‌وگوی ساده‌ی انسانی است که در کلمات و دیالوگ‌های روزمره جاری است. تنها او از روان پنهان حس‌ها و عواطف مخفی پرده برمی‌دارد. به گونه‌ای که بعد از قرائت شعرش حس می‌کنی که تو نیز این سوژه، این عاطفه، این حس و نگاه و تصویر و بیان و پیام را می‌دانسته‌ای، اما به یادت نمی‌آمده. وظیفه‌ی ملکوتی شاعر همین یادآوری دانستگی‌های خاموش و پنهان و نامکشوف به صورت اشراقی است.

لازم به توضیح است در مواردی که در توجیه و تفهیم مفاهیم شعری و یا آهنگین بودن آن مجبور شده باشم کلمه‌ای خارج از گفتار و یا نوشته‌ی شاعر را اضافه کنم آن را در میان کروشه [ ] قرار داده‌ام تا خواننده بداند که چنین کلمه‌ای در متن نبوده و بنا به ضرورت آمده است.

و اما این که اگر بخواهیم با توجه به فرم و قالب‌های شعری، وابستگی استاد شاعر را به یکی از مکاتب شعری مشخص کنیم باید بگوییم از بیش از نیم قرن پیش دو مکتب شعری در مناطق کردستان عراق متداول بود، یکی مکتب «کِفری» و دیگری مکتب شعری «روانگه». اینک با توجه به این که شاعر مورد نظر ما یکی از شاگردان بلافصل مکتب روانگه بوده است، باید گفت این شاعر آزاده هم‌چنان طی تمامی سال‌های فعالیّت شعری از خود ثبات قدم نشان داده و بدون تردید امروزه استاد عبداله پشیو از استخوان‌دارترین و میدان‌دارترین رهروان این مکتب محسوب می‌گردد.

سخن آخر آن که خوب می‌دانیم در کار ترجمه صداقت و امانت و سلاست گفتار و درک بی‌چون و چرای اندیشه‌ی شاعر از بدیهی‌ترین موارد بوده و هست، بنابراین صادقانه اعلام می‌دارد که در ترجمه‌ی این دفتر همه‌ی جد و جهدم بر آن بوده که تمام موارد بالا را مو به مو به مرحله‌ی اجرا بگذارم و آشکارا اعلام می‌کنم که به فراخور حال خویش پای ملخی به بارگاه سلیمان‌آسای ادب دوستان کشیده‌ام و هر آنچه را که از دستم برآمده صرفاً به دلیل ارائه‌ی خدمت به ادب و فرهنگ دو زبان کردی و فارسی بوده است؛ پس چنان که بزرگواران قلم به دست از سر مهر انتقادها و ایرادهای خود را از طریق چاپخانه‌ی مورد نظر به بنده گوشزد فرموده و با توضیحات قانع کننده حقیر را توجیه بفرمایند برای همیشه رهین بزرگواری‌هایشان خواهم بود.

با تشکر فراوان

مترجم: نجم‌الدین شوکتیاریان

پێشەکی

لە تەمەنی جوانیدا لە سالانی پێش و پاشی بۆ زانستگە ڕۆیشتنم، واتە سالانی ۱۳۵۲-۵۳ی هەتاوی لەگەڵ بەرهەمەکان و هزر و بیری مامۆستا «عەبدوللا پەشێو» ئاشنا بووم.

ئەم ئاشنایەتییە کاتێ پەرەی ئەستاند کە بە چەشنێکی چاوەڕواننەکراو، دیمانەیەک لە نێوان شای ئێران و سەدام حوسێن لە فڕۆکەخانەی ئەلجەزایردا ڕووی دا و ئەم دیمانە بە ڕواڵەت ساکارە، تەوەرەیەکی سامناکی لە کارەساتی شەڕی کوردەکانی عێراقدا، کە لەو کاتەدا دەستە و یەخەی ڕژێمی بەعس بوون.

شوێنهاتی ئەم دیمانە ئەنقەستیە وەها بوو، کە مەلا مستەفای بارزانی کە لەو کاتەدا پێشەوای شەڕی کوردەکان بوو، لە لایەنگران و بە تایبەت لە پێشمەرگەکان داخوازی کرد چەکەکانیان دانێن و دەست لە شەڕ هەڵگرن. کە بە داخەوە ئەم داخوازە بوو بە هۆی ئەوە کە تاقمێکی زۆر یان خۆیان سووتاند و یان بە گوللە بە ژیانی خۆیان دواییان هێنا. بەم چەشنە شای ئێران بە «بە ئاودانی ئەم دەستەگوڵە» و هاوکاری نەکردن و پشتیوانی نەکردن لە کوردەکان ڕاستەوخۆ کوردەکانی خستە بەر تەوژم و زەبر و زەنگێکی قورس. بە چەشنێ کە درێژە دان بە شەڕ لەگەڵ سەدامدا کارێکی سانا نەبوو. شای ئێران بەم کارەساتە کەوا نەفرەت و ڕیسوایی جیهانی بۆ خۆی کڕیبوو، بۆ ئەوەی سیناریۆی دووڕوویی خۆی تەواو بکات و لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی لە ژێر تەوژمی ڕەخنە و سەرزەنشتی جیهان سەرهەڵێنێ، ڕێگای دا ئاوارەکانی کوردی عێراق لە سنووری ئێران تێپەڕ ببن و لە شارەکانی ئێراندا سەقامگیر بن. بەم چەشنە هەزاران پێشمەرگە و خاو و خێزان و لایەنگرانیان هاتنە خاکی ئێرانەوە. لەو کاتەدا ڕۆژێ لە ناو پاسی نێوان ڕێگای تەبرێز- سنە لەگەڵ دوو کەس لەم ئاوارانەدا ئاشنا بووم. قسە بە قسە باسمان هاتە سەر شیعرەکانی شاعیری شۆڕشگێڕ مامۆستا «عەبدوللا پەشێو». یەکێ لەو دوو کەسانە کە ناوی کاک ئەحمەد غاندی بوو (کە ئاواتەخوازم ساغ و سەلامەت بێ) چەند وانەیەک لە هەڵبەستەکانی «دوانزەوانە بۆ منالان»ی بۆم خوێندەوە و ڕاڤەی لە سەر کرد. ئەم شیعرانە و ئەو ڕاڤەکردنەی لە سەر من زۆر کاریگەر بوون، بە چەشنێ کە پاش ئەو ئاشنایەتیە بۆ پەیداکردنی بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە مەزنە زۆر هەوڵم دا. هەوڵدانەکەشم بۆ ئەوە بوو کە لەو کاتەدا ڕژێمی بەعس نەیدەهێشت بەرهەمەکانی

شاعیر لە چاپ بدرێت و بۆ خۆیشی تارێنرابوو بۆ وڵاتانی دوور. هەر چەندە هەر لەو کاتەدا چەن دەفتەر لە بەرهەمەکانی وەک «فرمێسک و زام»، «بتی شکاو»، «شەو نیە خەونتان پێوە نەبینم»، «دوانزەوانە بۆ منالان» و «شەونامەی شاعیرێکی تینوو» کە پێویستە بگوترێ بە بێ سەرپەرشتی شاعیر و بە دەستی دۆستان و لایەنگرانی لەملا و ئەولا بە بێ بەڵگەی یاسایی لە چاپ درابوون و لە زۆر جێگا بە چەشنێکی سەلیقەیی وشەکان شێوێندرا و تەنانەت گۆڕدرابوون، کە ئەمە خۆی مانای شیعرەکانیشی دەگۆڕی.

ئەم کارەساتە تا رووخانی رژێمی بەعس درێژەی هەبوو. بە شوێن ڕووخانی سەدامدا شاعیر بۆ ماوەیەک هاتە خاکی نیشتمان و لەم دووایانەدا هێدی هێدی سەرجەمی بەرهەمەکانی لە دوو کتێبدا؛ یەکێ بە ناوی «پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە» و ئەوەی دی بە ناوی «هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا»، کۆ کردەوە و لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر لە چاپی دا و هەموو کەم و کوڕی و هەڵە چاپییەکانی پێشووی جێبەجێ کرد و خستیە بەرچاوی لایەنگرانی هەڵبەستەکانی.

جگە لەمانە مامۆستای شاعیر لە پێکهاتەی وەرگێڕاندا بەرهەمێکی زۆری هەیە کە بریتین لە وەرگێرانی بەرهەمەکانی مایاکۆفسکی، پوشکین و بلوک.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە ژیاننامەی مامۆستای شاعیر و چلۆنایەتی بارودۆخی ژیانی، بۆ خوێنەرانی ئازیز شی بکەمەوە.

مامۆستا عەبدوللا پەشێو لە سالی (١٩٤٥م) لە گوندی بێرکۆت هاتە دنیا. ئەم گوندە لەو سەردەمەدا لە قەراخی شاری هەولێردا بوو و پاش ئەوەی کە شاری هەولێر بەرەبەرە گەورە بووەوە، ئەم گوندە ئێستاکە بۆتە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر.

مامۆستا پەشێو پاش ئەوەی سالانی تەمەنی میرمندالی خۆی بە فێربوونی کتێبە سەرەتاییەکان ڕابوارد، بەرەبەرە ڕۆحی جوانیپەسەندی لەگەڵ هەوەڵین ورتەورتی ئەویندا بەرەولای شیعر و شیعربێژی کەوتە جۆش. زۆری پێ نەچوو کە بە هۆی هەڵسوکەوتی ڕامیاریەکانی ناوچە، ئەم هەستە ئەویندارانە جێگای خۆی دا بە شیعری شۆڕشگێرانە. لە سالانی سەرەتای گەنجی و لاوێتیدا چەند کودەتای پەیتا پەیتای بە چاو بینیوە: کە بەرێوەبەرانی کودەتا هەموویان لەگەڵ گەلی کوردی عیراقدا سەرگران بوون. هەر بۆیە لە تەمەنی ١٤-١٥ سالیدا ڕۆیشتە نێو

خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی و هەر لەو کاتەوە بوو کە تامی تاڵی کودەتای عەبدولکەریم قاسم دژی مەلیک فەیسەڵ و هەروەها کودەتای فیبریەی ١٩٦٣ی حیزبی بەعسی دژی «عەبدولکەریم قاسم»ی بینی و پاشان هاتنە سەر کاری «عەبدوسلام عارف» و براکەی «عەبدورڕەحمان عارف» و پاشان کودەتای «حەسەن بەکر» و لە دواییدا نۆرەی جێگرە لات و خوێڕیەکەی شەقامەکانی بەغدا یانی دیرۆکی کەتن و تاوان و جینایەت و دڕندەیی سەدام حوسێنی خوێنڕێژ گەیشت، کە ئیدی مامۆستای شاعیر ناعیلاج بە کۆچی زۆرەکی لە شار و دیاری خۆی دەبێ و لە ئاکامدا ڕوو ئەکاتە ولاتی سۆڤیێت (شۆرەوی لەمەو پێش) و لە شاری مۆسکۆدا پاش چەند ساڵ دەتوانێ پلەی دوکتۆرای ئەدەب و زانستی کوردی لە زانستگەی مۆسکۆ وەربگرێ. چەند ساڵێکیش دەبێتە مامۆستای زانکوی ئەلفاتیحی لیبی.

شایانی باسە شاعیر لە ساڵی ١٩٦٥ز تا ٢٠٠٥ز هەر چەندە لە سەرجەمی هەڵبەستەکانی کە توانیبووی لە تەفر و توونا بوون بپارێزێ، لەم دوو کتێبەدا کۆ دەکاتەوە. لە یەکەم کتێبیدا ئەو چەند دەفتەرەی کە وا لە سەرەوە ناومان لێ بردن لە چاپ دراوە و لە کتێبی دووەمدا چەند دەفتەرێکی دی بە ناوی «برووسکە چاندن»، «بەرەو زەردەپەڕ»، «سەرەتانی براکوژی» کە ئەم دەفتەرە دواینە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە مێژووەیە و لە ڕاستیدا ئەم بەشە لە هەڵبەستەکانی ماوە بەسەرچووە. دوایین بەشی هەڵبەستەکانی شاعیر لەم کتێبەدا بەشێکە بە ناوی «پریسکەی عاشقێکی زگماک» کە ئەم تازە پێنووس گرتووە (وەرگێڕ) کاری وەرگێڕانی خۆمم لە پێناوی ئەم دوو کتێبە دەست پێ کردووە.

جێگای خۆیەتی کە لەم بوارەدا ئاماژە بە چەند خاڵیک بۆ خوێنەوارانی ئازیز بکەم، چونکە لە وەرگێڕانی فارسی ئەم دەفتەرەدا دوو بابەتم ڕەچاو کردووە. یەکەم: ئەو تاقمە لە خوێنەوارانی خۆشەویست کە زمانی فارسی بە باشی دەزانن بەلام لە مانای وشەکان بە چاکی تێناگەن، دەتوانن بە وردبینی و هەڵسەنگاندنی ئەو وشەگەلە، لەگەڵ زمانی فارسیەکەدا وردەوردە لە هرز و بیری شاعیر تێبگەن.

دووەم: ئەو کەسانەی کەوا لە زمانی فارسی بە باشی تێ ناگەن (وەکو کوردەکانی ئەودیوی سنووری ئێران) دەتوانن لە بەراوردکردنی بەشە فارسیەکە لەگەڵ بەشە کوردیەکەیدا کەموکوڕی زمانە فارسیەکەشیان جێبەجێ بکەن.

پێویسته ئاماژە بکەم بە چەند بەشێک لە وتاری ئەدیبانە و وردبینانەی ماموٚستا سەید عەلی سالحی شاعیری بەناوبانگی کوردی ئێران. ئەم ماموٚستایە لە وتارێکدا بە ناو «جیهان و لاواندنەوە» (سەرەموٚر)[1]ە کانی هەمیشەیی (داهاتێک لە سەر شیعری کوردستانی عێراق) کە لە گوٚڤاری «دنیای سخن» ژمارەی ٤٤ مانگی رەزبەری سالی ١٣٧٠ی هەتاوی لە چاپ دراوە. وێرای پێداهاتن و راڤەکردن لە سەر شیعری کوردی، ژیاننامەی چوار کەس لە شاعیرە پایەبەرزەکانی ئێستای عیراقی بە جوانی شی کردوٚتەوە کە بریتین لە ماموٚستایان: «شێرکوٚ بێکەس»، «لەتیف هەلمەت»، «عەبدوللا پەشێو» و «رەفیق سابیر».

لە سەرەتای وتارەکەدا ماموٚستا سالحی دەلێ: لە بەرجەوەندێک و سەرنجدان بە رابردوویەکی نە زوٚر دووری کوٚچ و دەربەدەری و کوٚلەواری گەلی کورددا دەبینین کە بە چەشنێکی دلتەزێن پاش رووخانی ئیمپراتوٚری عوسمانی باردوٚخی گەلی کورد دەگاتە ئەوپەڕی روٚژرەشی خوٚی.

هەر بەشێ لە نیشتمانی ئەم میللەتە لە چوارچێوەی جوگرافیای روٚژهەلاتی نێوەراستدا، ئێستاکەش بە ژیانی نیوەگیانی خوٚی درێژە دەدا و لێهاتووترین پەیامهێنەرانی لاواندنەوە (سەرەموٚر)ی ئەم دلە کونکون بووەی شاعیرانی ئەم شوێنە خەمبارەن. شاعیرانێکی تازە هەلکەوتوو کە لە پشت سەریانەوە، کەلەپیاوانێک وەکو: «سیدقی زەهاوی»، «عەبدوللا گوٚران»، «بلند حەیدەری» و «ماموٚستا هەژاری» وێژەری پالەوانیەتی راوەستاون. ماموٚستا سیدقی زەهاوی هەرچەند لەگەل حکومەتی وەخت لە بەغدادا هاوکارییەکی ئەوتوٚی هەبوو، بەلام شیعرەکانی بە زمانی عەرەبی، تورکی و کوردی بەشێک لە کولتوری کوٚمەلگای کوردی پڕ کردوٚتەوە.

پاش زەهاوی عەبدوللا گوٚران کە خوٚی کوڕی کەلەشاعیرێکی وەکو سلێمانبەگ بوو، هیچ کات دلی لە گەل و هوٚزی خوٚی جوێ نەکردەوە و پاش هێرشی ئینگلیزیەکان بوٚ سەر خاکی عێراق ناچار رووی کردە خەباتگێرانی ئەو سەردەمەی گەل و نیشتمانەکەی. ماوەیەکیش ماموٚستای قوتابخانە بوو لە سلێمانی. پاشان زیندانی کرا، دوای هاتنەدەرەوە لە بەندیخانە، روٚژنامەی «ژین»ی

[1]- سەرەموٚر: لەو ناوچانەی کە بە زاراوەی کەلهوری قسە دەکەن بە لاواندنەوەی ئارام و هێدی لە کاتی تەنگانە و بێدەسەلاتیدا دەلێن سەرەموٚر. چ بو مردوو یان یەخسیر یان دوورەولات.

دامەزراند و بڵاوی کردەوە. ئەم بیرمەندەی گەلی کورد، یەکەم ڕچەشکێن و ئاڵاهەڵگری شیعری ئازاد و پێشکەوتووخوازی میللەتی کورد بووە. شاعیرێکی وەکو مامۆستا نیمایوشیج لە ئێراندا کە تەواوی دیواری بەرگری و کێش و قافیەی کۆنی تێکدا و ئاسۆیەکی دیکەی لە پێش چاوی شاعیرانی پاش خۆی ئاوەڵا کرد. گرنگترین شێوازی واتەبێژی وێنەیی چیرۆکێنی شیعری کوردی لە شیعری ئەو شاعیرە ڕچەشکێنەدا ڕەچاو دەکرێ.

مامۆستا عەبدوڵڵا گۆران لە ئاخر و ئۆخری ژیانیدا بووە مامۆستای زانکۆی زانستگەی بەغدا و خاوەنی کورسی ئەدەبیّات و زمانی کوردی، کە بە داخەوە پاش دوو ساڵ مامۆستابوونی، بە ناخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا ساڵحی لە بەشێکی دیکەی ئەم وتارەدا ئاماژە بە هەستی هاوبەشی و هامسانی شاعیرانی کوردی عێراقی و هەروەها چلۆنایەتی شیعری کوردی، شیعری ڕاستەوخۆی کوردی بە بێ پێوەندی بە شیعری وڵاتانی دراوسێ دەکا، کە دەقی وتارەکەی پێشکەشتان دەکرێ. شاعیرانی کورد بە هۆی ڕێزی تازیاری مرۆڤایەتی و ڕێگا و شوێنی وەئەستۆگرتنی کاری خۆیان هەرگیز بۆ خەو و خەیاڵاتی بێداهات و ڕەوت و ڕەهەندی جوانی تەنیای وتە چۆکیان دانەدا. ئەوەی کە ڕێبازی یەکێتی زمان و گیانی خولقێنەری ئەم شاعیرانەی پێک هێناوە، دەنگی هاوبەشیانە کە وا لە گەروویەکی خوێناویەوە دێتە دەرێ، کە پێویستە بگوترێ بە زمان هێنانی وتەی جۆراوجۆری ئەو شتانەی کەوا وەپێش چاو دەکەون، لای هەر یەک لەم شاعیرانە دیاردەیەکی سەربەخۆ و زمانی جیاوازی خۆیان هەیە، بەڵام هامسانی و هاوبەشی هەستەکانی ئەم شاعیرانە لەگەڵ هامسانی و هاوبەشی ئەو دەوەر و زەمانەیدا سەرچاوە دەگرێ کە ئەم میللەتە بوونەتە ژێر چەپۆکە و دژی زاڵمانی سەردەمی خۆیان خەباتیان کردووە.

شیعری کوردی شوێنی یەکگرتووی چەن بزاڤی ڕوون و ئاشکرای کۆمەڵایەتی و قەومیی گەلی کوردە، ویرەویری ڕامیاری، ڕخنە گرتن، لە ژیانی ناو نیشتمانیان بێبەش کردن، ڕاپەڕین و تێکهەڵچوونە، کە تەواوی ئەم بزاڤە چەن لایەنە، بەڵام هاوبەشە لە دوو ڕوانگەوە بەرچاو دەکەوێ:

یەکەم مرۆڤ، دووەم ئامانج. کە ئەم دوو ڕێبازە، لفە دووانە و هاو ئامانجی یەکترینن بۆ مەبەستێکی تایبەت، کە دەکرێ بڵێین گۆڕانکارییێکن لە ژینەوار و

شێوازی ژینی مرۆڤی کورد. گرنگترینی ئەو هۆیانەی کە تاکو ئێستا بوونەتە ڕاگری کولتووری ئەم میللەتە، هەر ئەم هاوڕێگاییە و هاوبیر و باوەڕی قەومییەتیەیە، دەنا ئەو داب و نەریتەی کەوا لە چەند سنووری جوگرافیاییدا دەور دراون و هەردەم لە مەترسی هێرشی شوێنەواری زانستی و کولتوری میللەتانی دیکە دان، دەبا تاکو ئێستا پێناسەی نەتەوایەتی خۆیانیان لە دەس دابا.

لێرەدا ئەگەر تەنیا بمانەوێ لە ژێر نەخشی شیعردا بە لێکۆڵینەوە درێژە بدەین، تێ دەگەین کە شاعیرانی کورد بە جێگای ئەوەی کە لە شاعیرانی سووری، تورک و یان عەرەبی عێراقی کەڵکیان وەرگرتبێت، تا ڕادەیەکیش لە سەر شاعیرانی میللەتانی دەوروبەر کاریگەرییان هەبووە. (بۆ وێنە، شیعرەکانی «لوتفی اوزکوک» شاعیری خەڵکی تورکیا کە تا ڕادەیەکی زۆر شیعری شێرکۆ بێکەس لە بیر و ڕای ئەودا کاریگەر بووە.)

مامۆستا سید عەلی ساڵحی بۆ دەربڕینی ئەوەی کە شاعیرانی میللەتانی دراوسێ هیچ چەشنە کاریگەریەکیان لە سەر شیعری کوردی عێراق نەبووە، ڕادەگەیێنێ کە شاعیرانی کوردی عێراق هەر چەندە کەڵەشاعیرانێکی هەرە گرنگ لە جیرانەتی ئەواندا ژیاون، هەر وەک، مامۆستایان «مەعروف الرسافی»، «ئەحمەد السلفی النجفی»، «بەدر شاکر السیاب»، «مەحمەد مەهدی الجواهری» و «عبدولوەهاب البیاتی» شاعیرانی خەڵکی عێراق و یان «عومەر ابو ریشت»، «جرج سیدەح»، «ئەدۆنیس» (عەلی ئەحمەد سەعید)، «نزار قەببانی» و «غادە السمان» شاعیرانی خەڵکی سووریا، و هەروەها مامۆستا «نازم حیکمەت» و «عوسمان تورکای» شاعیرانی خەڵکی تورکیا، کە ئەمانە هەرگیز بە چەشنێکی ڕوون و ئاشکرا کاریگەرییان لە سەر شاعیرانی کورد نەبووە، و ئەگەر بە چەشنێک نزیکایەتیەکی ئەوتۆ لە بیر و ڕای شیعری کوردی لەگەڵ شیعری فەلەستینیدا («عزالدین مناسرە»، «مەحموود دەرویش»، «فەدەوی طوفان»، «سلمی الخزرا»، «الجیوسی» و «جبرا ابراهیم جبرا») بەرچاو دەکەوێ، تەنیا بە هۆی خوانووسی و چارەی یەکسان و هاوبەشی ژان و کوێرەوەری و ئاوارەییەکانی دوو میللەتی کورد و فەلەستینەوە بووە، نەک کاریگەری داب و نەریتی عەرەبی. تازە ئەگەر کاریگەریەکیش هەبێ، کاریگەری مرۆڤایەتی بە حیساب دێت. مامۆستا ساڵحی لە دواییدا دەڵێ: وا هەست

دەکەم مامۆستا عەبدوللا پەشێو و مامۆستا لەتیف هەڵمەت هاوولاتی «ئێمەسزەر»، «دەیوید دیوپ» و یان «لانگستون هیوز»ن.

لە بەشێکی دیکەی ئەم وتارەدا نووسراوە: شیعری ئەم چەرخەی شاعیرانی کورد خێراترین پێکهاتەی ئاگاداری بۆ خوێنەرانی خۆی، تەیار دەکا، و ئەم پێوانە و پێواژە و لایەنگەلە لەو نیشانەگەلە کەوا لە ئەشعاری کوردیدا هەن هەموو لە سەر بناغەی یەکگرتنی بەرانبەر بە یەکتر و بە گوێرەی ڕاستەوخۆ، لە ڕێگا و شوێنی دڵداری باس دەکات. ڕوانین و تێبینی شاعیری ئەمڕۆژی کورد بە پێ‌شوێنی هەستێکی ئاشکرا «Intuition»[1] لە شتومەکی دەوروبەری (بە چەشنێک کە لە کۆمەڵگایەکی بۆش لە تەوژمی کات و ساتەکانی ڕۆحی و قەیرانگەلی ڕامیاریدا بەرچاو دەکەوێ)، گەلاڵەی لە سەر ناکرێ.

جێبەجێ بوونی مانای هەر شتێک بەدی هاتوو و تەنراوی شوێن و جێگای دەوروبەریەتی: «دار» بۆ کورد یانێ جێگای خۆ حەشاردان؛ «ئەشکەوت» یانێ جێگای پەسیو؛ «زنار» یانێ سەنگەر یان مەتەرێز؛ «ڕێگا» یانێ ڕۆیشتن تا کۆتایی، تا دوا هەناسە؛ «سەفەر» یانێ شوێنی دوور خستنەوە لە زێد؛ «زێد» یانێ جەرگی دادڕدادڕکراو و «بنەماڵە» یانێ وەبیر هێنەری برینداترینی ئەو بیرۆکانەی کەوا وەپێش چاو دەکەون.

مامۆستا سەید عەلی سالحی بۆ ڕوونکردنەوەی ناونیشانی وتارەکەی دەنووسێ: لە دنیای شاعیرانی کورددا، لاواندنەوە (سەرەمۆر)ە هەمیشەییەکان ویرەویرێکە کە هاوکات لەگەڵ لە دایک بوونیاندا، ئەوانیش دێنە دنیا، بەلام لەگەڵ شاعیردا نامرن، بەڵکو بە ئامانەت دەسپێردرێنە دەستی بەرەی داهاتوو. لە دنیای شاعیرانی کورددا ئەویندارانەترینی هەبوون، لە «دڵەخورپێ»، «پشکنین»، «گرماندن یا هاوار کردن»دا خۆی دەنوێنێ. بەم چەشنە بە هەبوونی وەها نیشانەگەلێ، یان ڕەچەڵەک و پێشهاتەکان و چەند و چۆنی پڕ تەوژمی ڕۆحی، دەبێ لە بەرانبەری شیعری نوێی کوردیدا بە چاوەڕوانیەکی دیکەوە ڕووبەڕووی ببن و ئەگەر بە هۆی ئاوەها چاوەڕوانیەکەوە بمەوێ زیادەبێژی بکەم، لام وایە لە ماڵی هەر کوردێکدا دەبێ «یانیس ڕیتسۆس»ێک بە دنیا بێت.

---

[1] intuition = شهود، درون يافت

هەبوونی شاعیرانی کورد برینێکی زۆر قووڵە کە نە مێژوو و نە سروشتی دڵڕەق هیچکام ناتوانن دەرمان و برینپێچی بکەن، تەنیا عەشق و ئەوین تاوانکێشی ئاوانەیە و ئەوانیش قەرزداری سەرفەرازی و مەزنایەتی ئەوینن.

لە بەشی دوایینی ئەم وتارەدا مامۆستا سەید عەلی ساڵحی ژیاننامە و تایبەتمەندیەکانی ئەو چوار شاعیرەی کە لە پێشدا ناومان بردن بە وردی شی دەکاتەوە، و وێڕای شیکردنەوەی ژیاننامە و بەرهەمەکانی مامۆستا عەبدوللا پەشێو دەڵێ: مامۆستا عەبدوللا پەشێو ناسکبیر و زەریفبێژە، بە چەشنێک ئاگایانە لە شیعردا وشە هەڵنابژێری، تۆ دەڵێی وشە بۆ خۆی وەردەس و یاریدەریەتی، بە سانایی وتووێژێکی خەڵکی بەڵام پڕ لە مانا و قووڵییێکی سەیر و سەمەر بە خولقاندنی نهێنیەکانی دەروون دەس وەر دەدا. زۆرتر بە ڕۆحی شیعر بیر دەکاتەوە و لە ڕسکاندن و دروستکردن و پەیکەرسازی بۆ شیعر بە هەر فۆرم و پێکهاتەیەک خۆ دەپارێزێ. لە ڕاستیدا ئیجازە دەدات کە شیعر بۆ خۆی کاری خۆی یەکلا بکاتەوە و هیچ چەشنە هەنگاوێکی ئەنقەستی و پێشەیی و تێگیشتوویانەیەک لە چێکردنی خانووبەرەی شیعردا هەڵناگرێ، هەتا بڵێیت لەم بابەتەوە ڕاحەتە.

عەبدوللا پەشێو بە چەشنێکی خەیاڵی و نامیکانیکی بەڕەوانی بژافی وشە لە شیعردا بایەخ دەدات، بە بێ ئەوەی کە خۆی بە ڕاکشاوی تێیدا بەشداری کردبێت، ئەو چاک دەزانێ کە شیعر ڕەنگدانەوەی ئەو یەکدڵیەیە کە لە منداڵیەوە بوویەتی.

شیعری مامۆستا پەشێو فۆرمێکی دیکەیە لە وتووێژی سانای مرۆڤ، کەوا لە وشەکان وتووێژەکانی ڕۆژانەدا ڕەچاو دەکرێ، تەنیا ئەو لە سەر ڕۆحی نادیاری هەست و دڵنەواییەکانە، کە پەردە لادەدات، بە چەشنێ کە پاش خوێندنەوەی هەر شیعرێکی مامۆستا پەشێو وا هەست دەکەی ئەتۆش ئەم دڵنەواییە و ئەم هەست و تێبینی و وێنە و وتە و پەیغامەت دەزانی، بەڵام وەبیرت نەدەهاتەوە، و ئەرکی ئاسمانی شاعیر لێرەدا وەبیرهێنانەوەی ئەو زانیاریە کوژاوە و شاردراوە و نەدۆزراوەیە کە بە چەشنێک پشت بەستەی دۆزینەوەی ڕاستی و دروستیە.

پێویستە سەرنجی خوێنەرانی ئازیز ڕاکێشم بۆ ئەوەی کە لە بڕێ جێگا لە ڕووی ناچاریەوە، بۆ ئەوەی مانای شیعرەکە لە وەرگێڕاندا بە تەواوی شی بکەمەوە، وشەیەکم زیاد کردووە کە ئەو وشەم لە نێوان [ ] داناوە تا خوێنەرانی خۆشەویست بزانن ئەم وشەیە لە نێو دڵی ماکە کوردیەکەدا نەبووە و بە ناچاری دامناوە.

ئێستا ئەگەر بمانەوێ ئاورێ لە شێوازی هەڵبەستەکانی مامۆستای شاعیر بدەینەوە و تێبینی ئەوە بکەین کە هەڵبەستەکانی هی کام مەکتەبی شیعری ناوچە جۆراوجۆرەکانی عێراقن، پێویستە بزانین دوو مەکتەبی شیعری یەکێک «کفری» و ئەوی دی مەکتەبی شیعری «ڕوانگە» بوون کە بێ چەند و چۆن، مامۆستا «عەبدوڵلا پەشێو» یەکێ لە گرنگترین شاگردانی مەکتەبی ڕوانگەیە، ئەم شاعیرە ئازاد و لێهاتووە لە تەواوی بوارەکانی ژیانیدا ڕاوەستاوەترین شاگردی ئەم مەکتەبە بووە و یەکێک لە بەتواناترین و هەڵکەوتووترین ڕێڕەوانی ئەم مەکتەبە دەژمێردرێ.

دوایین باس ئەوەیە کە چاک دەزانین ڕەچاو گرتنی ڕاستی و دروستی و دەس و دڵپاکی و ڕەوانی وتار و تێگەیشتن لە شیعری شاعیر گرنگترین ئەرکی سەر شانی وەرگێڕە. هەر بۆیە لە کاری وەرگێڕانی ئەم دەفتەرەدا تەواوی هێز و توانای خۆمم بەکار گرتووە کە ئەو خاڵانەی سەرەوە ڕەچاو بگرم و بە ڕاشکاوی ڕادەگەیێنم بەش بە حاڵی خۆم لاقی کوڵلەیەکم هێناوەتە بارەگای سلێمان‌ئاسای ئەدەب دۆستانەوە و ئەوەی کە لە دەستم هاتووە تەنیا و تەنیا بە هۆی خزمەت بە ئەدەب و فەرهەنگی دوو زمانی کوردی و فارسی بووە. جا ئەگەر ئەو قەڵەم بە دەستە پایەبەرزانەی کەوا لە سەر مەزنایەتیەوە ڕخنەم لێ بگرن و بە وردی ڕخنەکانم بۆ شیی بکەنەوە و بە ناو و نیشانی ئەو چاپخانەیە کە کتێبەکەی لێ چاپ کراوە، ڕخنەکانیان بۆم بنێرن تا هەتاهەتا منەتگری گەورەییان دەبم.

به سپاسەوە:

وەرگێڕ: نەجمەدینی شەوکەتیاریان

مقدمه‌ی زیر به **قلم اندیشمند آزاده و مستقل جناب آقای استاد یحیی مظهری** به رشته‌ی تحریر درآمده است. این پژوهشگر موقّر با سوابق ممتاز و درخشان علمی، قریب به ربع قرن است در دانشگاه‌های علوم پزشکی، آزاد اسلامی، مراکز آموزش عالی، مرکز تربیت معلم و آموزشکده‌های فنی به تدریس مشغول است و آثار علمی معتبر (ریاضیات کاربردی، فیزیک نور، فیزیک موج، سینماتیک و دینامیک، الکتریسیته و مغناطیس، فشار حرارت و ترمودینامیک، فیزیک اتمی، فرهنگ فیزیک، فیزیک پزشکی، تاریخ علم فیزیک) و در زمینه‌ی ادب و فرهنگ (تاریخ سنندج در چهار مجلد، تاریخ مریوان، تاریخ کردستان، مجلدات زنجیره‌ی دانشمندان کرد، راست‌قامتان تاریخ، فهم آرام، تعدد نگرش، پا به پای محبوب)، مقالات متعدد به زبان‌های کردی و فارسی (مسیح زنده است، فرعون مقدّس، زاویه‌ی تاریک تاریخ، واعظ خیر، مولوی کرد، اندیشمندان، تجلّی معرفت، نوروز، کهنگی، پزشک بی‌مزد و...) و اشعار منظوم و بدون قافیه (سرودهای کردی و فارسی)، را از خود به یادگار نهاده است.

ضمن آرزوی ترقیّات روزافزون این استاد بلندپایه، چشم‌انتظار چاپ آثار جدیدشان هستیم.

در اینجا لازم می‌دانم که سپاس و تشکر مخصوص خویش را به خاطر نگارش هر دو مقدمه‌ی کردی و فارسی اثر مذکور تقدیم این استاد و دانشمند و محقق بنمایم و از خدای ذوالجلال تمنا کنم که همواره موفق و مؤید باشند.

با سپاس و تشکر: مترجم

مقدمه

ترجمه، دقیق‌ترین راه برای تبادل افکار و آثار در میان ملل دنیاست، و مهم‌ترین شرط در این رسالت ادبی، ریزنگری و دقّت در درک مفاهیم زبان اصلی است.

ترجمه کمکی برای آماده کردن مسائل علمی و ادبی در کتابخانه‌هاست؛ و این خود نشانه‌ی تمدّن و آزادی اندیشه و اعتلای دموکراسی است.

دانش ترجمه ریشه در گذشته‌های دور دارد و حسن است که به پیشینه‌ی این پروگرام فرهنگی در مناطق کردنشین امعان نظر داشته باشیم.

فرهنگ (کردی- ایتالیایی)، نخستین کتاب به زبان کردی است که به سال ۱۷۸۷م در رم توسط «گازرونی» که یک کشیش ایتالیایی بود، در راستای فرهنگ ترجمه، به رشته‌ی تحریر درآمد و در آن دستور زبان و فرهنگ واژه‌های کردی به منظر کشیده شد.

«ژابا» کنسول روس در ارومیه، «پیوتر لیرخ»،«علی‌اکبرخان سنندجی» و «شیخ محمد مردوخ» در سده‌های اخیر به نگارش چنین آثاری اقدام ورزیده‌اند.

نقطه‌ی آغازین کتاب کردی که توسط خود کردها تدوین و منتشر گردید، کتاب «انجمن ادیبان» است که «امین فیضی‌بگ» (۱۹۲۳-۱۸۴۰م) آن را به سال ۱۹۲۰م در استانبول به چاپ رسانید. در صفحات اولیه‌ی این اثر، اتوبیوگرافی ادبایی چون «مولانا خالد شهرزوری»، «شیخ‌رضا طالبانی»، «سیدعبدالرحیم مولوی»، «ملاخدر شاویسی میکائیلی» (نالی) و «سالم» با سروده‌هایی چون «قوربانی توزی ریگه‌تم – چامه‌ی مولوی» و «جوابیه‌ی سالم» مشاهده می‌شود.

سال ۱۹۲۵م سال شروع نشر کتاب‌های کردی است و از این هنگام به بعد معدودی از نوشته‌های کردی انتشار یافت و با شروع جنگ جهانی دوم (۱۹۴۵-۱۹۳۹م) به اوج خود رسید و قریب به ۷۷ اثر کردی به چاپ رسید.

از سال ۱۹۹۱م که امنیت نسبی در کردستان عراق پدیدار گردید، نشر کتب و مجلات و روزنامه به زبان کردی رشد و بالندگی یافت و در دسترس عموم قرار گرفت.

اینجانب که از دهه‌ی هفتاد میلادی توفیق رفیق راه گردید و به مطالعه و جمع‌آوری آثار کردی پرداختم (هر چند به دور از چپاول نبود)، دریچه‌ای از دانش اصالت ادب کردی به رویم گشوده شد.

با درخواست آقای «نجم‌الدین شوکتیاریان» در جهت نگارش مقدمه‌ای بر ترجمه‌ی اثری از شاعر معاصر «عبدالله پَشیو»، یاد و خاطره‌ی «همزه‌آقا»، نویسنده‌ای گمنام به ذهنم خطور کرد که دیباچه‌ی زیبایی بر دیوان «احمد خانی» (تاج فخر شعرای کرد) نوشت و آن را به نود و پنج بخش، و هر بخش را با سروده‌های حاوی اندرزی حکیمانه به انجام رسانیده است و با اشعار زیر آن را آغاز نموده است:

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد — بێمەعریفەتن بێئەسل و بونیاد

ئەنواع ملەل خودان کتێبن — کرمانج تنی دەبێ حسێبن

ترجمه

بگذارید خلق نگویند که اکراد — بی‌معرفتند و بی‌اصل و بنیاذ

انواع ملل صاحب کتابند — در این میان کردهای ما بی‌حسابند

یادی از «ملاخدر شاویسی میکائیلی» متخلص به «نالی» خالی از لطف نیست که در نکته‌پردازی و تناسب شعری چنین سراید:

ئەستێرە هەموو مەحوە لە نێو نوری قەمەردا
یا شەمسی جەماڵت شەوی گیراوە بە فەردا

ترجمه:

ستارگان همه در نور مهتاب محو شده‌اند؟!
یا خورشید جمال تو شبی در تسخیر فرداست

و در کمند کنایه، سراچه‌ی دل را عنبرافشان می‌نماید،

عەجەب ئەستێرە شەو هەڵ دێ لە تاوی خوسرەوی خاوەر
لە رووی تۆم دیدە هەڵنایە شەو و رۆژ گەرچی بێدارم

ترجمه:

عجبا چگونه ستاره سر می‌زند شب‌هنگام ز تاب خورشید خاور

شب و روزم دیده بر نمی‌تابد تاب رخسار تو را، گرچه بیدارم!

شایسته است که اثر هنرمند «عبدالله پَشیو» به دو زبان کردی و فارسی به شیوه‌ای سنجیده در اختیار روشن‌فکران کنونی قرار گیرد تا گامی مستحکم‌تر در پیشرفت ادب و فرهنگ برداشته شود.

شرایط زمانی و موقعیت مکانی «عبدالله پَشیو» در کنار دَهاء و دَهاز، زیباندیشی و واژه‌آرایی خود را به نمایش گذاشت و در ملک سروده‌هایش نازک‌اندیشی و عمق معانی فوران یافت.

ترجمه‌ی ادیب «نجم‌الدین شوکتیاریان»، خود صنعت بدیعی در به ترسیم کشانیدن سروده‌های «عبدالله پَشیو» به زبان فارسی است.

مترجم شخصیتی شایسته و شاعری توانا در ادب کردی و فارسی است و اقدام وی چراغی فرا راه آیندگان است.

سروده‌های «عبدالله پَشیو» را با نگارش مترجم در خلال یک ماه مورد مداقّه قرار دادم، هر چند کار دشواری بود و به هنگام وارسی موارد جزئی دیگر، سر از میدان تفحص باز می‌زد و تفکر و اندیشه‌ی متفاوت را پدیدار می‌ساخت و برای بهتر دیدن مراجعه به منابع متعدد فرهنگی لازمه‌ی کار بود؛ اما برگردان مترجم مملو از سلاست گفتار و پیگیری نگرش شاعر و حاوی رعایت واژه‌آرایی (بدیع) همه‌جانبه بود و خار خواب را از چشم خسته می‌زدود و گل از گلم می‌شکفت.

ترجمه‌ی «بروسکه چاندن»، «آذرخش افشانی» سنگ‌بنای مهر ادبی و ملاط ملی در میدان روشن‌فکری دو ملت کرد و فارس است و این کار زیبنده‌ی نحوه‌ی نگرش بس بلند مترجم است.

بدیهی است که جهت برگردان این اثر به زبان فارسی مشکلات عدیده‌ای فراروی مترجم قرار داشته است؛ از آن جمله آشنایی مترجم به مرز و بوم، مشخصات عصر زیستن، راه و اندیشه‌ای که شاعر در آن به بالندگی رسید، آگاهی از نفسیات و راهیاب به احساس و خیالات شاعر است.

مترجم ضمن مراعات باید دارای ذائقه‌ی ادبی بوده و خود را در جلد شعر شاعر احساس کند تا بتواند ارزش واقعی سروده‌ها را برملا سازد و از هر گونه اعمال نظر شخصی پرهیز نماید و در گزینش واژه‌های به دور از ذهن شاعر خودداری ورزد.

به نویسندگان و هنرمندان پیشنهاد می‌کنم که آثار مکتوب خود را در منظر منتقدین مُلتزم به اخلاق ادبی قرار دهند و از انتقادات سازنده‌ی آنان بهره‌مند گردند تا علاقمندان پی‌گیر در تنوره‌ی اشتباهات احاطه نشوند.

آرزویم سربلندی نویسندگانی چون استاد «نجم‌الدین شوکتیاریان» است که رمز ایجاد انگیزه برای دوستداران زبان و ادب را به ارمغان دارند و در به میدان کشیدن نویسندگان مردمی در خدمت به اصالت ادب اصیل و ریشه‌دار زبان کردی، منش جلودار را مُبلّغند.

شهر سنندج، مدرس فیزیک مراکز آموزش عالی و تربیت معلم، یحیی مظهری، مهرماه (۱۴۲۹ق/ ۱۳۸۷ش/ ۲۷۰۸ کردی/ ۲۰۰۸م)

ئـەم پێـشەکیە کـەوا لـە لاپـەڕەی دوایـیدا لـە بـەر چـاو خوێنـەرانی ئـازیز دەکەوێ بە **قەڵـەمی بیرمەنـدی ئـازا و سەربەسـت و بـەناوبانگی زانکۆەکـانی شـاری سنە، مامۆستای هێژا یەحیا مەزهەری** هاتۆتە سەر کاغەز.

ئـــەم لێکۆڵـــەرە پایەبـــەرزە بـــە ڕابردوویـــەکی هـــەرە گرنـــگ و پرشـــنگداری زانـستییەوە مـاوەی چارەکـە سـەدەیەکە لـە زانـستگاکانی علـوومی پزیـشکی، ئـازادی ئیـسلامی، ناوەنـدی ڕاهێنـانی بـالا، ناوەنـدی پـەروەردەیی مامۆسـتایان و یانـەی فێرکـاری پیـشەیی خـەریکی دەرس گوتنەوەیـە و تـا ئێـستاکە زۆرێکـی زۆر بەرهـەمی زانـستی بایەخـداری وەکـو (ریاضـیات کـاربردی، فیزیـک نـور، فیزیـک مـوج، سـینماتیک و دینامیـک، الکتریـسیتە و مغنـاطیس، فرهنـگ فیزیـک (کـوردی، فارسـی، انگلیـسی)، فیزیـک پزشـکی، تـاریخ علـم فیزیـک) ترمودینامیـک و حـرارت و هـەروەها لـە پێکهاتـەی ئـەدەب و زانیاریـدا بەرهـەمێکی زۆری پێـشکەشی گـەل و نیـشتمان کـردووە کـە بـریتین لـە: (مێـژوی سـنە لـە چـوار بەرگـدا (تـاریخ سـنندج در چهـار مجلـد)، مێـژووی مـەریوان (تـاریخ مریـوان)، مێـژووی کوردسـتان (تـاریخ کردسـتان)، زنجـیرە بەرهەمـەکانی زانایـانی کـورد (مجلـدات دانـشمندان کـرد)، بـەژن ڕاسـتانی مێـژوو (راسـتقامتـان تـاریخ)، فـامی هێـدی (فهـم آرام)، فرەیـی چاوخـشان (تعـدد نگـرش)، پـێ بـە پێـی خۆشەویـست (پا به پای محبوب))، نوابـغ کـرد، بـزرگسـرداران جگـە لـەم کتێبانـە چەنـد وتـارێکی کـوردی و فارسـی نووسـیوە کـە بـریتین لـە: (مـسیح زنـدە اسـت، فرعـون مقـدس، زاویـەی تاریـک تـاریخ، واعـظ خیـر، مولـوی کـرد، اندیـشمندان، تجلـی معرفـت، نـوروز، کهنگـی، پزشـک بـیمـزد و...) پێویـستە ئامـاژە بکـەم کـە مامۆسـتا یـەحیا مەزهـەری لـە پێکهاتـەی شـیعر و شاعیریـشدا دەسـتێکی بـالای هەیـە و چەنـد بەرهـەمێکی شیعری کـوردی و فارسـی هـەم بـە شـێوازی شـیعری ئـازاد و هـەم بـە شـێوازی شـیعری بـە کـێش و قافیـە هۆنیوەتـەوە، وێـڕای ئـاواتخـوازی بـۆ سـەرکەوتنی ئـەم مامۆسـتا پایەبـەرز و سـەر بەسـتە، چـاوەڕوانی لـە چاپـدانی بەرهەمە نوێیەکانین.

ئـەرکی سەرشـانە سـوپاس و ڕێـزی تایبـەتی خـۆم بـە هـۆی نووسـینی هـەر دوو پێـشەکی (کـوردی و فارسـی) ئـەم مامۆسـتا زانـا و لێکۆڵـەرە ئاراسـتەی بکـەم و هیوام وایە کە لە ئامانجە گرنگەکانی سەرکەوتوو بێت.

به سپاسەوە: وەرگێڕ

پێشەکی بۆ برووسکە چاندن (آذرخش افشانی)

دیارە کە وەرگێڕانەوە ڕێکوپێکترین ڕێگەیە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەم لە نێو گەلاندا و گرنگترین مەرجیش بۆ ئامادە کردنی ورگێڕانەوە، وردەکاری و یەک ڕێگە و شێواز گرتنە.

وەرگێڕانەوە یارمەتیدەرێکە بۆ ئامادەکردنی باسی عیلمی و ڕاپۆری قوتابیان و پێکهێنانی کاروباری فراوانی کتێبخانەکان. ژمارەی زۆری بەرهەمی جۆراوجۆری هەر میللەتێک، نیشانەیەکە بۆ شارستانیەتی و سەربەستی بیرکردنەوە و نووسین و دارشتن و پیشاندانی ڕووگەشی دیموکراتیەت.

زانستیی وەرگێڕانەوە لە دێرزەمانەوە زانراوە و هەبووە بە پێی پێشکەوتنی شارستانیەتی بەرەو پێشەوە هەنگاوی ناوە. بەم بۆنەوە شیاوی ئەم وتارەیە کە سەرەنجتان ڕاکێشم بۆ مێژووی ئەم پرۆگرامە فەرهەنگیە لە ناوچەی کوردەواریدا.

یەکەم کتێبی کوردی لە ساڵی ١٧٨٧ز لە ڕۆما «گارزونی» کە قەشەیەکی ئیتالیایی بووە بە هەر دوو زمانی کوردی و ئیتالیایی ڕێزمان و فەرهەنگێکی داناوە و هەروەها لە سەدەی ڕابردوودا «ژابا» قونسولی ڕوس لە «ورمێ» و «پیۆترلیرخ» و چەند کەسانێکیتر لە سەر زمان و فۆلکلۆری کوردی بەرهەمیان چاپ کردووە.

کتێبی کە سەر تا پای کوردی بێت و بە ئەرکی کورد چاپ کرابێت کتێبی «ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد»ە، کە ئەمین فەیزی بەگ (١٨٤٠-١٩٢٣ز)، لە ساڵی ١٩٢٠ز لە ئەستەمول چاپی کردووە و لە دە لاپەڕەی سەرەتاییدا ئەم شاعیرانەمان پێ دەناسێنێت «مەولانە خالد»، «نالی»، «شێخ ڕەزا»، «مەولەوی»، «سالم» و چەند پارچە شیعرێکی هەر یەکەیان بلاو دەکاتەوە، وەک: چامەی قوربانی تۆزی ڕێگەتم «نالی» و وەلامدانەوەکەی «سالم».

دەتوانین ساڵی ١٩٢٥ز بە سەرەتای ساڵی کتێبی کوردی دابنێین، چونکە لەم ساڵەوە بەردەوام ساڵ لە دوای ساڵ بەرهەمی کوردی چاپ کراوە و ژمارەی پتر بووە.

بە هۆی هەلگیرسانی شەڕی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥ز)ەوە ژمارەی کتێبی کوردی بە جۆرێک گلۆلەی کەوتە لێژی، بەلام ساڵی ١٩٥٠ز ساڵی زێڕینی کتێبی کوردییە بە گشتی، چونکە لەم ساڵەدا «٧٧» کتێبمان چاپ کراوە کە وا لە لووتکەی ژمارەی کتێبی کوردی دایە لە ساڵێکدا.

ئەم ڕاستییەمان بۆ دەرکەوتووە کە لە ساڵی ١٩٩١ز ئاسوودەگی باڵی بە سەر کوردستاندا کێشاوە، ژمارە و قەوارە و بابەتی چاپەمەنی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی بووژاوەتەوە.

لە دوا ساڵەکانی حەفتای زایینی کە دەستم داوەتە خوێندن و شوێن پێ هەڵگرتنی کتێبی کوردی تا وەکو توانیم لەم ماوەدا ئەرشیڤێک پێک بهێنم، بەڵام جاربەجار چەپاوەیەک لایەکی لێ ئەقرتاند.

لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا گەلێ سەرچاوەم دەربارەی چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەم جۆرە بەرهەمانە خوێندوەتەوە. بەم پێیە دەرگایەکی زانستی نوێم بۆ خرایە سەر پشت.

بە دیتنی وەرگێڕاوەی بەرهەمی مامۆستا «نەجمەدین شەوکەتیاریان»، بیرم لە ئەوە کردەوە کە شۆڕەسوارێکی کورد وەکو «هەمزە»ناوێک؛ «دیباچەی» بۆ ئەشعاری تاجی سەری شاعیرانی کورد «ئەحمەدی خانی« (١٦٥٠-١٧٠٦ز) نووسیوە و داستانەکەی کردووە بە «٩٥» باسەوە، هەر باسێکی چەند پەندێکە، هەر پەندێکیشی چەند دێڕەشیعرێکە و بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد بێمەعریفەتن بێئەسل و بونیاد
ئەنواع ملەل خودان کتێبن کرمانج تنی دەبێ حسێبن

با بچینە خزمەتی مامۆستا مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی کە نازناوی شیعری «نالی»ە و لە مەیدانی نوکتەبێژیدا شۆڕەسواری سەرکەوتووی سەردەمی خۆیەتی و بۆ دەرخستنی «تەناسوب» باوەڕ و باری دەروونی خۆی وا دەگەینێ:

ئەستێرە هەموو منەحوە لە نێو نووری قەمەردا
یا شەمسی جەماڵت شەوی گێڕاوە بە فەردا

و بەم بەیتەش شەپۆلی «کینایە» ئەنوێنێ:

عەجەب ئەستێرە شەوهەڵدێ لە تاوی خوسرەوی خاوەر
لە ڕووی تۆم دیدە هەڵنایە شەو و ڕۆژ گەرچی بێدارم

پێم ڕەوا بوو بەرهەمی شاعیری هەڵکەوتووی ئەم چەرخە مامۆستا «عەبدوڵا پەشێو»، لە سەر زمانی کوردی و فارسی بە شێوەیەکی پوخت و ڕێکخراو بخرێتە بەر دەستی خوێندەوارانی بەڕێزی کورد و ڕۆشنبیرانی ئەم بەرەیە تا لە داڕشتنی

تازەدا سەرکەوتووتر بن و لە هەنگاونانیاندا بەرەو ئەدەبی پێشکەوتووی دوارۆژ جێ پێیان پتەوتر بێ.

ئەو بارودۆخەی کە مامۆستا عەبدوللا پەشێو، تیا ژیاوە، کاری تێ کردووە و زیرەکی و بلیمەتییەکەشی پاڵی پێوە ناوە هەرچی جوانکاری و وشەئارایی هەیە بەکاری هێناوە و شیعرەکانیشی پڕن لە قووڵی مەعنا و ناسکیی هێما.

شیعردۆستی و ئەدیبیی مامۆستا «شەوکەتیاریان»، بوو بە هۆی ئەوە کە وشەی قورسی ڕوون کردۆتەوە و ئاڕایشیان خستۆتە ڕوو و لە ڕاستیدا ئەسڵی وشەکان بە شێوەیەکی ڕازاوەتر نزیک کەوتونەتەوە.

نابێ دڵسۆزیەکەی بشاردرێتەوە کە لە مەعنا لێدانەوە و ڕۆشن کردنی وشەکان بە زمانی فارسیدا، شایانی سوپاسە و ئەم چەشنە بەرهەمە دەسمایەی ئەمرۆیە و ئاسۆی بەرەو دوارۆژە.

ئەمنیش بەم نوسخەدا ڕۆیشتمەوە (برووسکە چاندن وەرگێڕاوەی مامۆستا شەوکەتیاریان)، کە بینیم مامۆستای هێژامان زانایەکی ئەدەبی کوردیە و گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە ئەم پێشەکییەی بۆ دانێم. بەم پێیە دەستم کرد بە کار و لێکدانەوەی قۆناغ بە قۆناغی بەرهەمەکە جێگای شانازییە لە سەر ئێمە و بەرەی داهاتوو پێویستە بایەخێکی تایبەتیان بۆ دابنێین. چونکە نووسراوەکەی مامۆستا شەوکەتیاریان پڕ بە پێستی مەبەستی شاعیرە لە سەر زمانی فارسی.

بۆ داڕشتنی ئەم پێشەکییە دەستم بۆ بەرهەمە گرنگەکان درێژ کرد و لە بیژنگم دان تا لە سەر شێوەیەکی نوێ و یەک ڕێگە شێواز ئەرکی وەرگێڕ لە چەند لاپەرەیەکدا دەربڕم و بێ ئەوەی لە ئەسڵی مەبەست لابدەم. پارچە پارچە بە شیعرەکان و نووسینەکەی شاعیر و وەرگێڕدا چوومەوە و دیارە لە ماوەی ئەم کارەدا گەلێ بابەتی تر ئەهاتە ئاراوە و بیر و ڕای نوێ پەیدا ئەبوو و ئەم کارە هەر چەند مەینەت و ئەرکی گران بوو، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا کارێکی ئێجگار بەسوود بوو و پێی ئەگەشامەوە.

وەرگێڕ لە بەرهەمی «آذرخش افشانی» برووسکە چاندن مەعنای تێکڕای بەیتەکانی لێکداوەتەوە و ئەوەی پێوەندی بە وشەئارایی (بەدیع)ە وە و شوێن پێی ڕەوانبێژی (بەلاغە)ی هەبێ، خستوویەتە ڕوو و لە لاپەڕەکانی دوایی بەرهەمەکەیدا

مەعنای یەکە یەکەی وشە گرانەکانی نووسیوەتەوە تا ئیشەکەی ڕوو نەکاتە کاڵ کرچی.

ماموستای هێژامان مرۆڤایەتی و دڵسۆزی بۆ کورد پاڵی پێوە ناوە و بووە بە هۆی ئەوە کە شیعری شاعیری بەناوبانگی کورد ماموستا «عەبدوڵلا پەشێو»ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی کە ئەمەش لە مەیدانی ڕۆشنبیری هەر دوو نەتەوەی کورد و فارسدا بە بەردی بناغەی برایەتی دادەنرێت و لەگەڵ ئەمەشدا پەنجە بۆ ئەوە ڕاکێشراوە کە زۆر کتێبی بە نرخ، لە فارسییەوە کراوەتە کوردی و سەرەڕای ئەمە بە پێی ژمارە و قەوارە و لاچڕ و کەلەبەرەکانی ڕۆشنبیری کوردیمان بۆ دەخاتە ڕوو.

بۆ ڕاست کردنەوەی شیعرەکان و گۆڕینی لە سەر شێوەی دارشتنی فارسی، گەلێ کۆسپ دێتە ڕێگای لێکۆڵەوە و وەک ئاگاداری وەرگێڕ لە مەرز و بووم و ڕێ و شوێنی شاعیرە و ئەو سەردەمەی کە تیا ژیاوە و ئەو ڕێبازەی کە گرتوویەتی.

زانینی نەفسیەتی شاعیر و دیاری کردنی چەشنی چەش و هەست و خەیاڵی، بەراوەردێکی وردی ئەوێ. پێویستە کە وەرگێڕ چەشێکی ئەدەبی هەبێ و بچێتە پێستی خاوەن شیعرەکەوە تا بتوانێ نرخی ڕاستەقینەی بۆ دابنێ و بە چاوێکی بێ‌لایەن سەیری ئەو بەرهەمە بکا و هەڵیسەنگێنێ. ئەمەش بووە بە ئەوەی کە وەرگێڕ وشەیەکی گران و نەزانراوی نەکردۆتەماڵەوە.

پێشنیارم بۆ هەموو نووسەران ئەوەیە کە بەرهەم ئەبێ بخرێتە پێش چاو و چاوەڕوانی ڕخنەی خوێندەوارانی ئاگادار و دڵسۆز و شارەزا تاکو لە کاری‌تری لەمەو پاشماندا کەڵک لەو ڕخنانە وەر بگرین و هەم کەسی‌تریش نەکەوێتە ئەو هەڵەیەی ئێمەوە. ئاواتم سەرکەوتووی ماموستایانێکە وەکو ماموستا شەوکەتیاریان، کە کارەکەیان نایبەتی خۆی هەیە و یارمەتیدەری زمان‌زان دەدات بۆ پێکهێنانی فکرەیەکی گشتی لە بارەی وەرگێڕانەوە و تێهەڵکێشێنەوەی نووسەران بۆ ناو جەرگە و سەر بنجی زمانی کوردی.

شاری سنە، ماموستای زانکۆ یەحیا مەزهەری (١٣٨٧/٧/١٧ هەتاوی / مانگی ڕەزبەری ٢٧٠٨ کوردی).

(۱)

ئایدیا

چەند ڕۆژێکە،
ئیدیای شیعرێ،
وەک مەلێکی سپیی تیژباڵ
لێم ناگەڕێ،
هەرچەند خۆمی لێ ون دەکەم،
لە پڕێکا
هەوری بیرم دەقڵیشێنێ و تێدەپەڕێ.
هەدا نادەم!
نازانم کەی
ئەو باڵندە کێویلەیە هەڵدەنیشێ؟
کەی ڕام دەبێ؟ کەی لێم ڕادێ؟
دەڵێی ژنە!
دوای دەکەوم، بۆم ناگیرێ.
دەکشێمەوە، بە دوامدا دێ.

ایده

چند روزی است،
ایده‌ی شعری،
چونان پرنده‌ای سفید و تیز بال
دستم از سر بر نمی‌دارد،
هر چند خود را ازو می‌کنم پنهان
اما به ناگهان
ابر اندیشه‌ام را می‌شکافد و می‌گذرد
آرام نمی‌گیرم!
نمی‌دانم چه وقت
آن پرنده‌ی وحشی فرو خواهد نشست؟
کی رام می‌شود؟ و کی مهرم بر دل او خواهد نشست؟
گویی زن است!
به دنبالش که می‌روم، رامم نمی‌شود
و هر وقت دست از او می‌دارم به دنبالم می‌آید.

۱۹۸۰/۱/۲۹ – بودا پێست

(۲)

تا نیوەی ڕێگە هاتووین

تا نیوەی ڕێگە هاتووین،
بیر لە چی دەکەنەوە؟
تازە بۆ کوێ؟ بۆ دواوە؟!
دە تەماشای دواوە کەن،
چ شوورەیەک بە هێسکی
شەهیدان هەڵچنراوە!

***

ها گوللە، لێی بپرسن،
پاش ئەوەی ئاگر دەدرێ
قەت ئاوڕ دەداتەوە؟
ها وشە، لێی بپرسن،
کاتێ لە دەم هەڵدەفڕێ
قەت ئاوڕ دەداتەوە؟
ها جۆگە، لێی بپرسن،
کە بەرەو چەم ڕێ دەبڕێ
قەت ئاوڕ دەداتەوە؟
تا نیوەی ڕێگە هاتووین.
بیر لە چی دەکەنەوە؟
تازە بۆ کوێ؟ بۆ دواوە؟
دە تەماشای دواوە کەن،
چ شوورەیەک بە هێسکی
شەهیدان هەڵچنراوە!

تا نصف راه آمده‌ایم

تا نصف راه آمده‌ایم
به چه می‌اندیشید؟
تازه رو به کجا؟ رو به عقب؟
پس بنگرید پشت سر خود را،
چه دیواری از استخوان
شهیدان بر پا شده است!

***

اینک گلوله، از او بپرسید
پس از آن که به سویی آتش می‌شود
هیچ گاه ره رفته را باز می‌گردد؟
این هم واژه از او بپرسید.
آن گاه کز آشیان دهان می‌کند پرواز
هیچ‌گاه باز می‌گردد؟!
اینک از جویبار بپرسید،
که رو به سوی رود در جریان است
هیچ گاه از مسیر خود باز گشته است؟
تا نصف راه آمده‌ایم.
به چه می‌اندیشید؟
تازه رو به کجا؟ رو به عقب؟
پس بنگرید پشت سر خود را،
چه دیواری از استخوان
شهیدان بر پا شده است!

۱۹۸۰/۲/۹ – مۆسکۆ

(۳)

بۆ قەرەجێک

(۱)

بەس تەماشای ناو لەپم کە!
خۆ من نامەوێ پێم بڵێی،
دەبم بە باوکی چەند منداڵ،
زەنگین دەبم، یا هەر وا لات ...
تەنیا شتێکم پێ بڵێ:
هەتا ماوم وەک تۆ دەژیم،
یا خۆ دەبمە خاوەن وڵات؟!

(۲)

ئاسمانی تۆ — بەرپێی خۆتە.
سەرت شۆڕ کە،
ملت کەچ کە،
چاو مەگێڕە
بۆ ئاسمان و ئەستێرە و خوا —
ئەوەی بستێک خاکی نەبێ،
خوا و ئەستێرە و ئاسمانی کوا؟!

(۳)

مەراق مەخۆ،
سەغڵەت مەبە، من بۆ تۆمە.
بەری دەستم کەس تێی ناگا —

برای یک کولی

(۱)

بس بنگر کف دستم را!
من که نمی‌خواهم بگوییام،
پدر چند فرزند خواهم شد،
ثروتمند خواهم شد یا مستمند و ندار...
تنها یک چیز به من بگو:
تا هستم چون تو خواهم زیست
یا عاقبت صاحب کشوری خواهم شد؟!

۱۹۸۰/۲/۲۵ مسکو

(۲)

آسمان تو- جلو پای توست.
سر فرود آر،
گردن کج کن،
مگردان چشم
به دیدن آسمان و خدا و ستارگان
آن را که وجبی خاک نباشد،
خدا و ستاره و آسمانش کجاست؟!

۱۹۸۲/۱/۱۸ پوتسدام

(۳)

غصه مخور،
سخت نگیر، غم من به خاطر توست.
کس واقف نشد بر این کف دست-

نهێنییه‌که‌ی هه‌ر لای خۆمه.
ناو له‌پ نییه!
نه‌خشه‌یه‌کی پڕ نه‌وال و چیا و چۆمه!

راز آن پیش من است.
این کف دست نیست!
نقشه‌ای مملو از تپه و کوه و رود است!

۱۹۹۲/۲/۲۹ مسکو

(٤)

نهێنی

خانمۆڵەکەم!
دە پێم بڵێ:
لە کوێ فێر بووی،
هۆنراوە بکەیتە پەخشان؟
لە کوێ فێر بووی،
دەریای یاخی
ئارام بکەی وەکوو ئاسمان؟
خۆ تۆ شلکە نەمامێکی، گیانی گیانان،
چۆن دەتوانی
سندم لە پێی گرکان بکەی،
لغاو بکەی دەمی زریان؟
چۆن بە ساتێک
ئاوا ژینم دەڕەنگێنی،
بە ساتێکیش
بەستەڵەکی تیا دەکەیتە سەرچۆپیکێش؟
چۆن بە ساتێکیش
وەکوو ئاگر هەڵمدەکەی،
بە ساتێکیش ئاوا دەمکەی بە خۆڵەمێش؟

راز

زیبا خانمم!
بگو:
کجا یاد گرفتی،
شعر را به نثر بدل کنی؟
کجا یاد گرفتی ،
دریای خروشان را
آرام کنی به سان پهنه‌ی آسمان؟
تو که خود نو نهالی ای جان جانان،
چگونه می‌توانی
زنجیر نهی بر پای آتشفشان،
و افسار نهی بر دهان باد جنوبگان؟
چگونه در یک ساعت می‌توانی
این چنین زندگیم را نقش بزنی،
و به دیگر ساعت
یخبندان را به پایکوبی وا داری؟
چگونه در اندک زمانی می‌توانی
هم چو آتش مرا بر افروزی،
و به دیگر ساعت این چنین خاکسترم گردانی؟

١٩٨٠/٣/١٥ — مۆسکۆ

(۶)

نزا

بیستوومە، دەڵێن:
خۆر، وەک مەلێکی پەڕ و باڵ زێڕین،
ناو لەپی مەزدەی کردۆتە لانە.
تا ئەم نەبزوێ،
خۆر لە جێگەی خۆی ناجوڵێتەوە.
ئاهوورەمەزدە!
زۆر نا، هەر جارێک،
هەوارگەکەی خۆت وەبیر بێتەوە
تەکانێک بدە،
دەستێک ببزوێوە،
بەڵکوو تیریژێک بیگرێتەوە.

تمنا

شنیده‌ام که می‌گویند:
خورشید چون پرنده‌ای زرین پر و بال،
لانه نموده بر کف دست اهورامزدا
تا این نجنبد،
خورشید، بر جایگه خویش نخواهد جنبید.
اهورامزدا!
نه خیلی زیاد، یک بار تنها،
به یاد بیاور ییلاق خود را
حرکتی کن،
دستی بجنبان،
شاید پرتوی بگیرد او را.

۱۹۸۰/۴/۲۶ پولونیا – آپولی

(۷)

بۆ ڕۆزە

کاتێ من وەکوو
پاساریيەکی ڕاوکراوی تۆ،
لەرزەلەرزم بوو
لە بەر بارانی شینی چاوی تۆ،
لە دەنگی تۆ دا
بە ئاستەم زەنگی کلێسە لێی دا:
«کوردم خۆش دەوێ ...
کورد جەنگاوەرە ...»
سا توخوا وەرە!
خۆ من کوردم و تا سەر هێسک کورد ...
بۆیە، ببورە گەر لێت بپرسم:
پێم نالێی، بۆچی
هێندە لە ژوانی
بارانی شینی چاوت دەترسم؟!

برای روزا

آنگاه که من هم چون
گنجشک صید شده‌ات،
می‌لرزیدم
در ترنم باران آبی چشمانت،
در ضرباهنگ صدایت
به آرامی، زنگ کلیسا نواخته شد:
«کرد را دوست دارم ...
کرد جنگاور است ... .»
پس به خاطر خدا بیا
من که کُردم و تا بن استخوان هم کُرد...
به همین دلیل ببخشای‌گرت بپرسم:
نمی‌گوییِ‌ام چرا؟
این همه از میعاد
باران آبی چشمت می‌ترسم؟!

۱۹۸۰/۵/۹ پوتسدام

(۸)

تەنیایی

ئەم دنیایە لە هوندوڕی جەنگەڵ دەکا
شێی نەفەس بڕ
ڕەگی بوونم گەندەڵ دەکا،
بگرە و بەردەی نابڕێتەوە،
هەر تەنیایی
چرای هزر و خۆ بینینم بۆ هەڵدەکا
بەڵام بریا، خاتوونەکەم، تۆ دەتزانی،
هەندێ شەوان تەنیایی چیم لەگەڵ دەکا!
دێ، دەتەنێ دەشتی ڕۆحم بە هۆبەی خەم،
بەهاریش بێ، شینکەم نوقمی خەزەڵ دەکا
هەر ئەو دەمبا بۆ خەڵوەتگە،
هەر ئەویش دێ،
لە پڕێکا میحرابەکەم چەپەڵ دەکا
وات چەش کردووم بە تام و بۆی سفرەی لەشت،
جار جار نەفسم لە گورگێکی زیتەڵ دەکا
تا بەیانی دەلوورێنێ و مانگ ڕاو دەنێ،
ئەلهای کەزی و شلکەی ڕان و کەفەڵ دەکا
پەریی شیعر، ئەوەی کچی تەنیاییمە،
تۆم لا نەبێ، لە تارمایی و کۆتەڵ دەکا
هەر ئیکسیری باوەشی تۆ
هەر دوو بەهەشت،
گۆشەگیری و گەرمیی بەدەن، تێکەڵ دەکا
گوناهت کرد کە نەهاتی،

تنهایی

این دنیا به دل تاریک جنگل می‌ماند
ظلماتی نفس‌بُر
که رگ هستیم را می‌فرساید،
بگیر و ببندش نا گسستنی است،
فقط تنهایی
فروزنده‌ی چراغ عقل و خودبینی من است
اما ای کاش خاتون من می‌دانستی،
که تنهایی چه بر سرم می‌آورد برخی از شب‌ها!
می‌آید و با سیاه‌چادر غم می‌تَنَد دشت روحم را،
بهار نیز زایل می‌کند درخزان خویش سبزه‌زارم را
هم اوست که می‌کشانَدم به خلوتگه،
هم اوست که می‌آید،
و به ناگه می‌آلاید محراب و نمازگاهم را
آن چنانم چشته خور کرده‌ای به طعم و بوی اندامت،
گهگاه نفسم به چابک گرگی آماده می‌ماند
تا سحرگاه زوزه می‌کشد و ماه می‌تاراند
هوس گیسو و نرمی ران و کفل در سر می‌پروراند
پریِ شعر، آن که دختر تنهایی من است،
گر توام نباشی در کنار، به تیرگی جنگل می‌ماند
فقط اکسیر آغوش تو
هر دو بهشت،
گوشه‌گیری و گرمای بدن را ادغام می‌کند
گناه کردی که نیامدی،

تووڕەش نابم
کچ نەمامە،
پێش گڕ گرتن دووکەڵ دەکا!

عصبانی نیز نخواهم شد
چرا که دختر، نونهال است،
و پیش از گُر گرفتن، دود می‌کند!

۱۹۸۰/۵/۱۰ پوتسدام

(۹)

دەفتەری سوور

ولاتانی تێری جیهان
دەفتەرێکی سووریان هەیە،
بۆ ئەو مەل و گیاندارانەی
کە کوشتنیان قەدەغەیە.
تکا دەکەم لە یۆنیسکۆ،
لە دەفتەرە سوورەکەیدا
ناوی منیش تۆمار بکا.
لە ڕاوکەر و بازرگانان
کەوڵ و پێستم ڕزگار بکا.
ئەمن چ بکەم!
نە خزۆکم، خشپەیەک هات،
بۆ زەندۆڵێک تێتەقێنم،
وەک با تەی کەم خەرەندو و هەڵدێر و تەلان.
نە دەعباشم،
بە کەڵبە بێچوو هەڵگرم،
کونە شاخێک بکەم بە لان!
ئەمن چ بکەم!
نە باڵندەم، عەرد دەرم کا،
دەرگەی ئاسمان ڤەکەم بە باڵ.
نە ماسیشم، گەرداو هەڵکا،
ناخی دەریا پەنام بدا و
پەی پێم نەبا چاوی خەیاڵ...
من هەم و نیم دوو پێیەکم،

دفتر سرخ

ممالک سیر جهان
سرخ دفتری دارند،
برای آن دسته از پرندگان و جانداران
که قدغن گشته است کشتنشان،
از یونسکو تمنا دارم،
در دفتر سرخ خویش
به ثبت برساند نامم را.
وز شکارچی و بازرگانان
برهاند گوشت و پوستم را.
چکار کنم!
نه خزنده‌ام به خش خشی،
بگریزم به شکافی یا هر سرپناه،
و چونان باد طی کنم هر نوع بلندا و خندق و پرتگاه.
و نه جانورم،
که به دندان بگیرم بچه‌ی خود را
و سوراخ کوهی را کنم مأمن و جایگاه
چکار کنم!
نه پرنده‌ام که گر زمین براندَم از خویش،
بگشایم درگه آسمان را به شه‌پر بال خویش.
و نه ماهیم که گر به گرداب بلا افتادم،
دل دریا دهدَم پناه
و چشم خیال نیابدم جایگاه...
من هستم و نیستم دو پایی هستم،

که چی ئەوا زەردەواڵەی دووپێ دەمخۆن،
تێم ئاڵاون
لە راست و چەپ، لە خوار و ژوور
سەر تا پام هەمووی برینە،
پەنام بدە،
دەخیلت بم، دەفتەری سوور!

که زنبورهای دو پا به نیش می‌کشند گوشت و پوستم،
بر سرم ریخته‌اند
از بالا و پایین و از چپ و راستم
سر تا به پا خونین و مالین هستم،
پناهم بده،
ای دفتر سرخ دخیلت هستم!

۱۹۸۰/۶/۲ مسکو

(۱۰)

دوێنێ و ئه‌مڕۆ

دوێنێ ویستم
بێمه به‌رده‌مت، چۆک داده‌م.
په‌رده له‌سه‌ر چاوی شینی ئه‌وین لاده‌م.
نه‌فسی به‌رزم ڕێگه‌ی نه‌دام،
ترسام بڵێی:
«ئارام بگره ... هێشتا زووه ...»
که‌چی، ئه‌مڕۆ،
له کاتێک دا تۆ خۆت هاتووی،
کژ گۆڕاوه،
قاز و قورینگ
قه‌تاره‌یان بۆ لایه‌کی دی به‌ستوه،
دڵی منیش،
ڕووه‌و عه‌رشی شۆخێکی تر،
سه‌ری ماندووی داخستووه!

دیروز و امروز

دیروز خواستم
در مقابلت زانو زنم.
وز روی چشم آبی عشق پرده بر زنم.
بلند طبعی‌ام اجازه نداد،
ترسیدم بگویی:
«آرام بگیر ... هنوز زود است ...»
لیکن امروز،
وقتی که تو خود آمده‌ای،
فصل دیگری گشته است.
پرندگان مهاجر نیز
رو به سوی دیگری دارند،
دل من نیز
رو به سوی عرش دیگر شوخ،
سر خستگی فرود آورده است!

۱۹۸۰/۶/۲۱ مسکو

(۱۱)

بێدەنگی

کە من کڕ دەبم، تۆ مەمدوێنە.
تا مێوەی داری سەرم پێ نەگا،
چڵی زمانم ڕامەوەشێنە!
هەر من بێدەنگ نیم!
تۆ سەرنج بدە،
کە ڕەوەزی چیا
سنگ دەداتە بەر قامچیی برووسکە،
چەند کڕ و کپە!
کە چەکەرەی گیا
پەل دەهاوێژێ ڕووەو ترووسکە،
چەند کڕ و کپە!

***

سکوت

آن گاه که خاموشم وامدارم به سخن
تا درخت اندیشه‌ام به ثمر ننشیند،
نیش زبانم را تحریک نکن!
تنها من خاموش نیستم!
تو خوب بنگر، آن گاه که
سنگ‌های چین بر چین کوه و کمر
بر تازیانه‌ی رعد،سینه می‌کنند سپر،
چه اندازه آرام و خاموش است
که جوانه‌ی گیاه
دست به سوی آذرخش می‌یازد،
چه اندازه آرام و خاموش است!

***

کە من کڕ و بێ دەنگ دەبم،
وا تێ نەگەی بارسووکەڵە و دەست بەتاڵم
بڕوا بکە،
وەک پلوورەی هەنگە سەرم، هێند سەر قاڵم!

***

آنگاه که آرام و خاموشم،
چنین مپندار که سبک‌بار و بی‌کارم
باورم دار،
چونان کندوی عسل است سرم، آن‌قدر پر کارم!

***

هێندە باسی نیشتمانی خۆم بۆ کردی،
هەتا گیانت لێوان لێو بوو لە ئەڤینی.
بە ئاواتی جارێک بچی،
چاو بڕێژی بە شار و دێی،

آن قدر از وطنم گفتم برایت،
تا ز عشقش لبریز شد جانت
در آرزویی که به آن جا روی
بر شهر و روستایش چشم بگردانی،

دەستێک بدەی لە برینی؟
کە من کپ بووم، کپیم زین کە،
تەماشام کە و زەنگۆ لێدە:
نیشتمانم خڕ دەبینی!

و دستی بر زخمش بکشی،
آن گاه که خاموشم، زین کن خاموشیم،
مرا بنگر و رکاب بزن،
خواهی دید که مدوّر است وطنم!

۱۹۸۰/۸/۵ پوتسدام

(۱۲)

خۆ کوشتن

من بە خوێنی خۆم شیعر گۆش دەکەم،
گەرچی دەزانم گیان کێشم ئەوە؛
شەو لە توێی خۆیدا گزنگ هەلدەگرێ،
گەرچی دەزانێ،
یەکەم تیری ڕۆژ بۆ جەرگی شەوە!

خودکشی

من به خون خویش می‌دهم آغوز شعرهایم را،
گر چه نیک می‌دانم، قاتلم هم اوست،
شب در درون خویش نگهدارنده‌ی پرتو روز است،
گر چه می‌داند،
اولین تیر روز، نشانه به قلب اوست،

۱۹۸۰/۸/۱۸ پوتسدام

(۱۳)

خوو

هەموو ڕۆژێ، سبەینان زوو،
دڵیژگەی خۆم تژی دەکەم
لە تیشکی ڕۆژ،
لە پێلی سووری کارەبا
وەک نامەیەک دەیپێچم و دەیدەمە با
با — سەرپشکە، لێی ناپرسم بۆ کێی دەبا!

خو

هر روز پگاهان زود،
که کوچک دلم را پر می‌کنم
از پرتو آفتاب،
از امواج سرخ برق
همچو نامه‌ای می‌پیچم دلم را و می‌دهم به دست باد
باد-قرعه‌انداز است نمی‌پرسم برای که خواهد برد!

۱۹۸/۸/۱۸ پوتسدام

(۱۴)

له ڕۆما
یا
نامه‌یه‌ک له ڕۆماوه بۆ مۆسکۆ

چه‌ند به‌خشنده و دلۆڤانی!
له سایه‌ی تۆ
سه‌رم لێوان لێوی ژنه.
ئه‌وه‌ی ژنی ئه‌م شاره‌یه
هه‌لبژارده‌ی دلی منه.

****

ئازیزه‌که‌م!
تۆ ئادگاری خۆت به‌خشیوه به هه‌موویان:
ڕه‌وت و ڕامان،
ئاخافتن و تریقه‌ی بۆن
له هه‌ر کوێ بن،
تۆیان تێدا ده‌خوێنمه‌وه و هه‌موو هی تۆن!
له‌م شاره دا،
ڕوو ده‌که‌مه هه‌ر کونجێک — تۆی.
لای جامخانه‌ی هه‌ر کۆگایه‌ک،
له هه‌یوانی هه‌ر ته‌لارێک،
له به‌ر ده‌رگه‌ی هه‌ر زنجێک — تۆی.
له‌م شاره دا،
هه‌ر لێوێ لێوێک ڕامووسێ

در شهر روم
یا
«نامه‌ای از روم به مسکو»

چه با گذشت و مهربانی!
در سایه‌ی تو
سرم لبالب از زن است.
همه‌ی زنان این شهر
منتخب دل من است.

****

عزیزم!
تو سیمای خود را بخشیده‌ای به همه‌ی آن‌ها!
در فکر فرو رفتن و خرامیدن.
در گفتگوها و ذوق بودن،
در هر کجا باشند،
همه از آن تواند و می‌خوانمت در وجودشان!
در این شهر،
رو می‌کنم به هر گوشه‌ای- تویی آنجا،
در ویترین هر فروشگاهی،
در ایوان هر تالاری،
بر در هر کوخ و آلاچیقی- تویی آنجا،
در این شهر،
هر لبی که ببوسد لبی دیگر را

ڕامووسانی من و تۆیە.
هەر دەستێ بکرێتە گەردن
دەستەملانی من و تۆیە.

بوسه‌های من و توست،
هر دستی در گردن دیگری آویزد
دست در گردن انداختن من و توست.

****

ئێوارەیە.
ئەوا دوو دوو، لێرە و لەوێ،
ئەوینداران دەخزێنە بن باڵی یەکتر،
بە سرتە گفتوگۆ دەکەن.
من، بێ ئەوەی نێزیکیان بم،
سوور دەزانم، کە باسی من و تۆ دەکەن.

تنگ غروب است.
اینجا و آنجا دو به دو،
عاشقان در پناه هم می‌خزند و نجواکنان،
گفتگوها دارند با خودشان
من بدون آن که باشم نزدیکشان،
حتم می‌دانم از من و توست گفتگویشان.

****

چەند بەخشندە و دلۆڤانی!
وا لە سایەت،
لەم شارە دوور و نامۆیە،
سەرم لێوان لێوی ژنە،
سەرم لێوان لێوی تۆیە!

چه با گذشت و مهربانی!
اینک در سایه سار تو،
در این شهر غریب و دور،
سرم لبالب از زن است،
لبالب از وجود توست!

۱۹۸۰/۱۰/۲۴ رم

(۱۵)

چەند دەترسم

چەند دەترسم،
کە دێمەوە،
هەواڵێکی تاڵت پێ بێ.
چەند دەترسم،
کە باوەشت پێ دا دەکەم،
بۆنی نامۆیەکت لێ بێ.
چەند دەترسم،
کە دێمەوە،
گرامەری زمانی چاو،
ڕێنووسی هێمات گۆڕابێ.
چەند دەترسم،
پلەی گەرمی پەنجەکانت
وەک بەجێم هێشت وا نەمابێ.
لەمەش زێتر،
چەند دەترسم، کەسم، هاوڕێم،
کە دێمەوە،
تۆ وەک خۆت بیت، من بگۆڕێم!

چقدر می‌ترسم

چقدر می‌ترسم،
آن گاه که بر می‌گردم،
خبر تلخی با خود داشته باشی،
چقدر می‌ترسم،
آن گاه که به آغوشت می‌کشم،
بوی غریبه‌ای آید ز آغوشت.
چقدر می‌ترسم،
آن گاه که باز می‌گردم،
گرامر زبان چشم‌ها،
دستور زبان اشاره‌ات تغییر یافته باشد.
چقدر می‌ترسم،
درجه‌ی گرمای پنجه‌هایت
آن گونه که به جا نهادم نمانده باشد
از این‌ها بیشتر،
چقدر می‌ترسم ای همه کس و همسفرم،
آن گاه که بر می‌گردم،
تو چون خود باشی و من تغییر یابم!

۱۹۸۰/۱۰/۲۸ وین

(۱۶)

جودایی

هەموو شەوێک،
کە باڵینێک
سەرمان، وەک دوو قوتبی زەوی،
بۆ سەر خوانی خەم بانگ دەکا؛
جودایی دێ،
وەک خەنجەرێک ڕادەکشیت و
بریسکەی دێ لە نێوانا ...
خەوم دەزڕێ،
چاوی بێداری تێدەبڕم،
جا نازانم،
تۆش وەک من دەیبینی، یا نا!

****

هەموو شەوێک،
کە باڵینێک
سەرمان، وەک دوو قوتبی زەوی،
بۆ سەر خوانی خەم بانگ دەکا؛
دڵم وەک گۆ هەڵدەکورمێ
لە بەر دەمی قاشۆی مردن
دەترسم من پێش تۆ بمرم،
شێت دەبم تۆ بمری پێش من!

جدایی

هر شب،
که بالشی
سرمان را چونان دو قطب زمین،
بر سر خوان غم آواز می‌دهد،
جدایی می‌آید،
و چون خنجری دراز می‌کشد و
برق می‌زند در بین ما...
خوابم از چشم می‌گریزد،
بیدار چشمم را بدو می‌دوزم،
اما نمی‌دانم،
تو نیز چون من می‌بینیش یا خیر!

****

هر شب،
که بالشی
سرمان را چونان دو قطب زمین،
بر سر خوان غم آواز می‌دهد،
دلم چون گوی، کز می‌کند
در مقابل چوگان مرگ
می‌ترسم پیش از تو بمیرم،
دیوانه می‌شوم که پیش از من مرگ ترا در یابد!

۱۹۸۰/۱۲/۷ مسکو

(۱۷)

بۆ شڤان

ئەی نێرە هەڵوی ڕەوەزان،
ئەی کەڵە کێوییەکەی باکوور،
ئەی سیدارەی بەژن بڵند،
ئەی نیشانەی مەرگی سنوور
بێ دەنگ مەبە، بچریکێنە.
ئاسمانی بە تریاک نووستوو ڕاچڵەکێنە.
بێ دەنگ مەبە.
دەنگت، ئەلبۆمی دەنگانە.
دەنگت، پەلکە زێڕینەیە،
جێی زەماوەندی ڕەنگانە.
دەنگت،
سروەی بایە، سرتەی ژوانە،
بوومەلەرزەیە، بورکانە.
دەنگت،
نیسکە نیسکی هەسپێکی خورتی کەوێتە،
نێڵە نیڵی ئاگردانی قەرەجانە.
دەنگت،
ترپە ترپی بە ئاستەمی خوناوکەیە.
گرمەی هەورە،
ڕمبەی هەرەسی شاخانە.
دەنگت،

برای شوان

[خوانندەی مشهور کرد]

ای عقاب صخره‌های در هم تنیدەی کوه و کمر،
ای قوچ کوهی شمال،
ای چوبەی دار بلند بالا،
ای آیت مرگ مرز و ثغور
خاموش مباش، خروشی بردار، نوایی سر کن،
آسمان به افیون خفته را بیدار کن،
خاموش مباش،
صدای تو آلبوم همەی صداهاست.
صدای تو رنگین کمان زیبا،
جایگاه پیوند و شادی رنگ‌هاست.
صدای تو:
نسیم سحر، نجوای عشق است،
زلزله و غرش آتشفشان است،
صدای تو:
رقص و خرام نیرومند اسبی است کهر،
شعلەی آتشدان کولی‌هاست، سرکش و پر شرر.
صدایت:
بارش آرام باران است.
انعکاس صدای رعد است،
ریزش هراسناک بهمن است،
صدای تو:

کەروێشکەی گەنمی قەراجە،
هاڕە و نەعرەیِ
پڵنگێکی برینداری دوورەلانە.

****

لطیف موج گندم‌زارهای «قەراج»[1] است.
غرش و نعره‌ی
زخمی پلنگی دور از لانه است.

****

بێ دەنگ مەبە!
دەنگت، باڵی سیمرخێکە،
هەموو ڕۆژێک،
دڵی تەنگم بەسەر دوندی چیا دەخا.
لە بەر پێمدا
پێدەشتی ئومێد ڕادەخا.

****

خاموش مباش!
صدای تو: بال سیمرغی است،
که هر روزه،
دل تنگم را به قله‌های سرفراز می‌برد.
و در پیش پایم
پهندشت امید می‌گسترد.

****

بێدەنگ مەبە!
کە دێمە سەر لووتکەی دەنگت؛
کە هەر دوو پێم دەچەسپێنم
لە سەر زنارێکی ئەوێ
نە ڕەشە با دەمبزوێنێ،
نە کڕێوە و تۆفی شەوێ؛
ماڵ نووستنان
هەر دوو باڵم دەکەمەوە.
لە چوار لاوە
زام بانگ دەکەم، بێ، بسرەوێ.
سبەینانیش، پێش هەموو کەس،
گوێم لە هەناسەی تەم دەبێ،
تیشکی ڕۆژم پێ دەکەوێ!

خاموش مباش!
آن‌گاه که به قله‌ی صدایت پای می‌نهم؛
و آن‌گاه که می‌چسبانم هر دو پای
بر سر تخته‌سنگی در آنجا
نه باد دبورم می‌جنباند از جا،
و نه کولاک و زمهریر شب‌ها؛
شامگاهان به گاه خواب
می‌گشایم هر دو دستم را.
از چهار طرف
آواز می‌دهم به التیام، همه‌ی زخم‌ها را.
سحرگاهان، نیز قبل از هر کس،
به صدای نفس مه گوش می‌سپرم،
انوار آفتاب می‌گیرند در برم!

۱- قەراج: نام منطقه‌ای از استان اربیل (هەولیر) عراق

❊❊❊❊

ئەی کەڵە کێوییەکەی باکوور!
بێ دەنگ مەبە، بچریکێنە.
ئاسمانی بە تریاک نووستوو ڕاچڵەکێنە!
کە دێمە سەر لووتکەی دەنگت
هەر پەڵە هەورێک لە بەر کەم،
زرێیەکی پڕ بە بەرە؛
هەر گزنگێک ڕمی دەستە؛
هەر دەوەنێک بۆم سوپەرە؛
هەر زنارێک ئەسپی شێیە،
وەک برووسکە لە سەر پێیە،
لە نیشتمانی لەت لەتما
دارێک بدزن،
بەردێک بدزن،
جێم بڵندە و ئاگام لێیە!

❊❊❊❊

ای قوچ کوهی شمال،
مباش خموش، خروشی بردار، نوایی سر کن.
آسمان به افیون خفته را بیدار کن!
آن‌گاه که به قله‌ی صدایت پا می‌نهم
هر قطعه ابری را که به تن کنم،
زرهی است دوخته بر وجود و تنم،
هر پرتو آفتاب، دستی نیزه‌ای است،
هر بوته‌ای مرا چون سپری است،
هر تخته‌سنگی برایم اسب کهری است،
که چون درخشش آذرخش بر سر پاست،
در وطن تکه تکه‌ام
گر بدزدند درختی را،
و یا قطعه سنگی را،
بلند است جایم و می‌بینم آن را!

۱۹۸۰/۱۲/۱۸ مسکو

(۱۹)

کرێوه

کرێوه بوو، دنیا بو لێڵ ...
لەپم کرده لانەی کلوه بەفرێکی وێڵ.
وەک ئاشقێک، تا توایەوه تێمڕوانی.
که بوو به ئاو ناسیمەوه:
له کوردستان
دڵۆپێک بوو ... له ناو کانی!

کولاک

برف و کولاک بود، در تاریک روشن سپیده دم...
گشودم دست را و لانه‌ی دانه برفی سرگردان نمودم.
چونان عاشقی تا ذوب شدن نگریستمش.
پس از ذوب شدن شناختمش:
در کردستان
قطره‌ای بود... از چشمه‌ساران!

۱۹۸۸/۱/۱۲ مسکو

(۲۰)

دوا وانه

منالەکان،
بووکەشووشەی بەختیاریتان
لە تاقچکەی ئەشکەوتێکی دوور دەستایە
نایگەنێ تا ملیۆنان سەر
نەبن بە ڕێبواری بیرێ.
ئەشکەوتەوان:
ئەژدیهایەکی چوار سەرە و بەرزەفت نابێ،
تا ملیۆنان دەست نەبنە گەو بۆ زنجیرێ!

آخرین درس

بچه‌ها،
عروسک خوشبختی و اقبالتان
در تاقچه‌ی غاری است دوردست
بدان نخواهید رسید تا میلیون‌ها سر
نشوندش پوینده‌ی آن فکر.
نگهبان غار:
اژدهایی است چهار سر و نمی‌شود تسخیر،
تا میلیون‌ها دست نشوند حلقه‌ی زنجیر،

کانون دوم ۱۹۸۱ پوتسدام

(٢١)

ڕامانێک

هاوڕێم!
دوێنێ، دەمەو ئێوارە بوو،
تا بڵێی بیری تۆم دەکرد.
کز دانیشتبووم،
سەیری زەردەی ئاسۆم دەکرد.
تۆ دەزانی چۆن هەتاوم هاتە بەر چاو؟
وەک کیژێکی کەزی زەردی گەردن بڕاو!
هەر ئەوساکە،
بڕیارم دا
زمانی خۆم بسووتێنم،
هەتا ماوم
تۆ بە هەتاو نەشوبهێنم!

تحیّری

همسفرم
دیروز تنگ غروب بود،
تا بخواهی به یادت بودم.
مات و غمین نشسته بودم،
غرق تماشای افق بودم.
می‌دانی آفتاب چگونه به نظرم آمد؟
به سان دختری زرد مو و گردن بریده!
در همان دم،
عهد بستم
زبان خود بسوزانم،
و تا جان در بدن دارم
به آفتابت شبیه نگردانم!

١٩٨٠/٢/١٨ پوتسدام

(٢٢)

لە (هاینێ) یەوە[١]

ڕۆژێک تۆ ڕێزی گەرمیی پیاو دەگری،
کە پەژمردە بوو تەمەنی گوڵت؛
کە بەفری دڵت نیشتە سەر کوڵم و
ئاگری کوڵمیش بەر بووە دڵت!

از هاینه

آن روز گرم می‌نهی بر مرد قدر و منزلت،
که پژمرده گشت عمر گلشنت،
آن‌گاه که برف دلت نشست بر عارض
و آتش عارض نشست بر دلت!

. شوبات ١٩٨١ پوتسدام

١. هینریخ هاینی (١٧٩٧-١٨٥٦) شاعیریکی ئەڵمانە. ١. هنریخ هاینی: (١٧٩٧-١٨٥٦) شاعر آلمانی است.

(۲۳)

چاو چنۆکی

بەزەییت پێم دا نەیێتەوە!
لە هەر چی دا بەد بەخت بم،
لە ئافرەتا بەختم کۆکە.
من شایانی بەزەیی نیم
خوا دەزانێ بەدەن تێرم،
چ بکەم، گیانم چاو چنۆکە!

حرص و آز

بر من ترحم منما!
در هر چیز که بد بخت باشم،
در خصوص زن بسیار خوشبختم،
من شایستەی ترحم نیستم
خدا می‌داند، بدن سیرم،
اما چه کنم، حریص جانم!

شباط ۱۹۸۱- پوتسدام

(۲۴)

داگیرسان

که سەیرت دەکەم-
هەر دوو گلێنەم
دەبنە کانیلەی سایەی کەپری مێو.
کە ماچت دەکەم-
وەکوو دلۆپێک خوناوی شاخان
دەتکێیتە سەر لێو.
کە بە ئاستەمیش قامکم دەتگاتێ-
دەبم بە زەلێک،
دەمهێنێ و دەمبا
وردە شەپۆلی تەزووی ڕۆح ئەنگێو!

افروختن

آن‌گاه که می‌نگرمت،
هر دو کاسه‌ی چشمم
چشمه‌ی کنار سایه‌سار و کَپَرت می‌شوند.
که می‌بوسمت-
چون قطره بارانی ز کوهساران
خواهی چکید بر سر لبان،
و آن‌گاه که انگشتم لمس می‌کندت به آرامی-
به قطعه‌ای نی بدل می‌شوم،
که می‌آورد و می‌بردم
خرد امواجِ کرختِ روح آماج

۱۹۸۱/۴/۱۴ – مسکو

(۲۵)

ژوان

هاوڕێم!
تۆ پێم ناڵێی،
کێ نهێنیی ئەم ژوانەی درکاندووە؟
چ دەستێک، بەم نیوە شەوە،
بنەشەوبۆی ئەم هەواڵەی تەکاندووە؟
لەو ساتەوە کە تۆ هاتووی
تریفەی مانگ، بە پێدزە دێتە ژووری.
سروە، پەردەی پەنجەرەکەم دەلەرێنێ.
گەلا، دەچێتە تەک گەلا و
ڕازی ژوانی ئەم شەوەمان دەچرپێنێ.
هاوڕێم!
تو پێم ناڵێی،
کێ نهێنیی ئەم ژوانەی درکاندووە؟
چ دەستێک، بەم نیوە شەوە،
بنەشەوبۆی ئەم هەواڵەی تەکاندووە؟

میعاد

همسفرم!
تو نمی‌گویی‌ام،
چه کسی فاش ساخته راز این عشق را؟
چه دستی در این نیمه شب،
بر ملا ساخته بوته شب‌بوی این خبر را؟
از آن هنگام که تو آمده‌ای
نور مهتاب دزدانه می‌خزد به اتاقم.
و نسیم می‌لرزاند پرده‌ی پنجره‌ام،
برگ نزد دیگر برگ می‌رود
و نجوا می‌کند راز عشق امشب ما را.
همسفرم!
تو نمی‌گویی‌ام،
چه کسی فاش ساخته راز این عشق را؟
چه دستی در این نیمه شب،
بر ملا ساخته بوته شب‌بوی این خبر را؟

۱۶ و ۱۹۸۱/۷/۱۷ – پوتسدام

(۲۹)

ترس

بەفر تا جێی بڵندتر بێ،
پتر لە هەتاو دەترسێ.
ژن تا شۆخ و دەلالتر بێ،
گەشتر چرای ترسی پیری
لە نیگای دا دادەگیرسێ.
لەم جیهانە
هەر کەس لە شتێک تۆقیوە:
کوندەبۆ، لە ئاوەدانی.
دز، لە سەگ و کۆکەی بێدار.
کەر، لە هەوراز.
دیوار لە سینگ.
دار، لە بزمار.
کەڵەکێوی، لە خڕەی بەرد، لە خشپەی دار.
منیش زراوم رژاوە.
دەترسم لە سەرە مەرگا
سییەکانم بزریکێنن
بۆ تۆسقاڵێک هەوای وڵات.
دەترسم، بمنێنە خاکێک
نە من ئاشنای بۆنی ئەو بم،
نە زمانم ئەو تێی بگات!

ترس

برف هر چه جایش بلندتر،
ترسش از تابش آفتاب بیشتر.
زن هر چه شوخ‌تر و زیباتر،
چراغ ترس پیری
در نگاهش فروزان‌تر.
در این جهان
هر کسی از چیزی شده نگران:
جغد از جای شلوغ و آبادان.
دزد از سگ و سرفه‌ی بیداران.
الاغ از بلندا.
دیوار از سینه جلو دادن.
چوب از میخ و مسمار.
قوچ کوهی از ریزش سنگ و تکان درختان.
من نیز زهره‌ام آب شده.
می‌ترسم به وقت مرگ
شش‌هایم به فریاد آیند
اندک هوای وطن را.
می‌ترسم در خاکی دفنم کنند
نه من آشنای بویش باشم،
و نه زبانم دریابد آن را!

۱۹۸۲/۱/۱۵ پوتسدام

(٣٠)

نامۆ

نیوه شه‌وه.
کزه بایه‌کی ساردی دێ.
ته‌نیام، ئاشنام.
وه‌ک سمۆره سرکه نیگام
به مالان دا هه‌ڵده‌گرێ ...
هه‌ڵپه ده‌کا
بۆ نه‌وایێ، چرایه‌کی تیا بسووتێ،
بۆ په‌نایێ، ئاگرێکی تیا بگڕێ.
دۆزییه‌وه!
په‌نجه‌ره‌یه‌ک ... وا له‌و لاوه ...
وه‌ک دوگمه‌یه‌ک،
به به‌رۆکی
قه‌شه‌ی شه‌وه‌وه دراوه!
له‌و دیو په‌رده‌ی ته‌نکی سپی،
تاپۆیه‌کی شلک و زراڤ
له پڕ هات و خێرا ون بوو.
چی بوو؟ کێ بوو؟
گرنگ نییه!
له به‌ر چاوی خه‌یاڵی من باڵای ژن بوو.
چ بیناسم، چ نه‌یناسم،
نێزیکترین که‌سی من بوو!

غریبه

نیم شب است.
می‌وزد سرد بادی گزنده و جانکاه.
تنهایم ای آشنا.
بسان سموری هراسان، نگاهم
بر خانه‌ها می‌نگرد...
می‌شتابد
به نوایی، که در آن چراغی سوزد
و به پناهی که در آن شرار آتشی فروزد.
آن را یافت،
آن طرف‌تر ... پنجره‌ای ...
چونان دکمه‌ای
بر یقه‌ی
کشیش سیاه شب دوخته شده!
در آن سوی پرده‌ای نازک و سفید
شبحی نرم و ظریف
آمد به ناگهان و سریعاً گم شد
چه بود و که بود؟
مهم نیست!
در مقابل چشمان خیال انگیزم قامت زن بود.
چه بشناسم و چه نشناسمش
نزدیک‌ترین کس من بودا

١٩٨٢/١/١٢ پوتسدام

(٣١)

حەسرەت

سەد مەخابن!
ئەو ئازیزانەی ڕۆژگارێک
بژوێنی حەسانەوەم بوون،
ئەوانەی شەکرە میوانی
دڵی هەردەم کراوەم بوون،
هەنووکانە
یا نەماون لە یادمدا،
یا ماوێکی کاڵ و ماتن.
کەچی ... ئێستاش
هەر چاوەڕێی ئەو ئاسکانەم
کە بەڵێنیان دا و نەهاتن!

حسرت

صد افسوس!
آن عزیزانی که روزگاری
مرغزار آرامشم بودند،
آن‌هایی که عزیزْ مهمانِ
دل هر دم گشوده‌ام بودند،
هنوز هم
یا در خاطرم نمانده‌اند،
یا مانده‌ای بی‌رنگ و مبهمند.
اما ... هنوز هم
چشم انتظار آن آهوانی هستم
که قولم دادند و بر سر قرار نیامدند!

۱۹۸۲/۴/۲۵ مسکو

(۳۲)

مردن

ئەوەی دنیا جێ دێڵێ،
سوارە و ئەسپ تاو دەدا،
زینە جێگەی مردنی؛
ڕەت بردن و گلانی
چۆن بوو، هەروا دەمێنێ
لە لای دۆست و دوژمنی.
مردن! مادام تو هەر دێی،
ڕۆژێکی ئاوا وەرە،
خۆم بۆ لات بەرێوە بم.
ڕۆژێکی ئاوا وەرە،
گڕم دانەمرکابێ،
سەربەرز و بە پێوە بم!

مردن

آن که به جا می‌نهد دنیا را،
سواره است و تاخت می‌دهد اسبش،
زین است مکان مرگش،
خیزش و افت و تاختش
آن‌چنان که بوده خواهد ماند
نزد دوست و دشمنش.
ای مرگ! مادام که خواهی آمد.
آن‌چنان روزی بیا،
که خود رو به سوی تو آیم.
آن‌چنان روزی بیا،
که فرو ننشسته باشد آتشم،
و سر فراز و سر پا باشم!

۱۹۸۲/۵/۷ مسکو

(۳۳)

گه نجی و پیری

هەرچەند دەکەم، گەنجی و پیری
لە یەک جودا ناکەمەوە.
من هەردووکیان دەپەرستم:
بەیانییان ڕووەو شەفەق،
ئێوارانیش ڕووەو زەردە
سەر سام و مل کەچ دەوەستم

جوانی و پیری

هر کاری می‌کنم، جوانی و پیری را
از هم نمی‌کنم جدا.
من هر دویشان را می‌پرستم:
صبح‌گاهان رو به شفق،
غروب‌گاهان نیز رو به زردی
سرسام گرفته و گردن کج می‌ایستم

۱۹۸۲/۵/۱۵ مسکو

(٣۴)

شاکار

هەلبەستم زۆرن:
هەندێکیان، شارن،
هەندێکیان گوندن،
هەندێکیان تەلارن
هەندێک خانیلەی تەپیو و نەوی.
بەلام ئەوانەی بۆ تۆم نووسیون،
دەبن بە شاکار،
بە ڕووناکترین پایتەختی زەوی!

شاهکار

سرودەهایم بسیارند:
برخی از آن‌ها شهر،
برخی روستا
برخی کاخ و تالارند
برخی آلونک‌های کوتاه و درهم تپیده.
اما آن‌هایی را که برای تو سرودەام،
بدل به شاهکار می‌شوند،
به روشن‌ترین پایتخت زمین!

- حزیران ١٩٨٢ لندن

(۳۵)

شادی

شادیی زەوی وەکوو خۆرە
تاوێک دیارە، تاوێک بزر.
ئەلها دەکەم بچمە ئاسمان،
تاکوو لەوێ ببمە ڕێگر.
شادییەکت بۆ داگیر کەم،
نە خەم بگاتە کەناری، نە ژاکان بە لای دا ڕەت بێ
شادییەک بێ،
لە ئاسمانان، هەر ئەستێرە،
لە سەر زەویش، هەر تۆ هەت بێ

شادی

شادی زمین همچو آفتاب تابان
گاهی پیداست وگاهی هم نهان.
آرزو می‌کنم بروم به آسمان،
تا درآیم آنجا به سلک رهزنان
و برایت دست و پا کنم شادیی آنچنان،
که نه غم و نه پژمردگی نگذرد از کنار آن
شادیی باشد،
که در آسمان‌ها تنها ستارگان،
و در زمین نیز، تنها تو باشی صاحب آن
۱۹۸۲/۹/۲۵ مسکو

(۳۶)

له‌ت بوون

له چاوی تۆ دا، جه‌نگه‌ی به‌هاره.
له چاوی من دا، چله‌ی زستانه.
له زاری تۆ دا، خۆشی لێو ڕێژه.
له زاری من دا، خه‌م تا چۆکانه.
نیوه‌م له ته‌ک تۆ
وه‌کوو خۆڵه‌مێش سڕ و مردووه.
نیوه‌که‌ی ترم
لای شۆخێکی دی گڕی گرتووه.

دونیم شدن

در چشم تو، اوج بهار است.
لیک در چشم من، چله‌ی زمستان.
بر زبان تو خوشی لبریز است.
بر زبان من غم تا زانوان.
نیمه‌ام با تو
بسان خاکستر سرد و مرده است.
نیم دیگرم
نزد شوخ دیگری گُر گرفته است.

۱۹۸۲/۱۲/۲۰ برلین

(۳۷)

پیاو

له دنیا دا،
چ کانیاوێ زوڵاڵتره له دەنگی تۆ؟
کێ زمانی ڕۆح دەزانێ،
وەکوو چاوی سەد ڕەنگی تۆ؟
لەم شارەدا،
گەردنکێل و
گولبەژنێکی وەک تۆ کوانێ؟
کێ وەکو تۆ، ڕۆژێ سەد جار،
له داوێنڕا هەتا قووله،
بە خەممدا هەڵدەڕوانێ؟
چییه دیسان
ئەو مووچڕکه کارەباییەی
له سەراپای بەدەنم دا هاتوچۆ دەکا!
چییه دیسان
ئەو گورگه برسی و بێ شەرمەی
له هوندوڕما دەلوورێنێ و ملۆمۆ دەکا!
چییه دیسان
چنگی نیگای پەردەدڕم
مەمکبەندی شەقامەکان دادەماڵێ؛
قامچیی برووسکەی خەیاڵم،
کەمەر کەمەر،
بەلەک بەلەک،

مرد

در دنیا،
کدامین چشمه زلال‌تر از صدای تو؟
چه کسی زبان روح می‌داند،
همچو چشمان صد رنگ تو؟
در این شهر،
گردن فراز و
گلندام زنی کجاست همچون تو؟
چه کسی همانند تو، روزی صد بار،
از دامنه تا قله،
غمم را نظاره می‌کند؟
چیست دیگر بار
آن تیر کشیدن‌های برق‌آسا
که در سراسر وجودم آمد و شد می‌کند!
چه شده که دیگر بار
آن گرسنه گرگِ بی‌آزرم
در اندرون من می‌بوید و زوزه می‌کشد!
چه شده که دیگر بار
چنگال نگاه پرده دریده‌ام
وا می‌کند، پستان‌بند خیابان‌ها را،
و تازیانه‌ی جرقه‌ی خیالم،
کمر به کمر،
از این نرمه‌ی گوش به آن دیگر،

لەم شل دەبێ و لەو دەناڵێ!
چییە دیسان ...
چییە دیسان ...
بۆچی چاوم قەت تێر نابێ؟
بۆ تەنیا ئەشقی تۆ نابم؟
لە بەر ئەوەی،
تۆ هەمیشە لە بەر دەمما
بێ دەنگ دەسووتێی وەکوو مۆم؟
بۆ هەر بە تۆ قنیات ناکەم؟
لە بەر ئەوەی،
بووی بە کۆیلەی دەستەمۆی خۆم؟!

زین خسته و به آن یکی می‌آویزد؟
چیست دیگر بار ...
چه شده دیگر بار ...
چرا سیری نمی‌گیرند چشمانم؟
چرا تنها عاشق تو نمی‌شوم؟
برای آن که
تو همیشه در مقابلم
چون شمع می‌سوزی به آرامی؟
چرا هیچ وقت به تو قناعت نمی‌کنم؟
برای آن که
اینک شده‌ای اسیر و رامم؟!

۱۹۸۲/۱۲/۲۶ برلین

(۳۸)

له باخێک دا

پیاوێک سەری بە شانی شۆڕەژنێک کردووە.
زارۆیەکی ئارامە و لە بێشکە دا نووستووە.
خۆزگەم بە خۆی!
من وەک ئەو نیم، بۆیە چاوم پێی هەڵنایێ-
من چەند جاری سەر بە شانی ژنێک دەکەم،
لە بەر سرتەی ژنانی دی خەوم نایێ!

در یک باغ

مردی سر بر شانه‌ی قد بلند زنی نهاده.
گویی نوزادی است و در گهواره آرمیده.
خوشا به حالش!
من چون او نیستم ازیرا چشم دیدنش ندارم-
من هر از چند گاه بر شانه‌ی زنی سر می‌نهم
اما به پچ پچ دیگر زنان می‌گریزد خواب ز چشمانم!

۱۹۸۳/۳/۳ مسکو

(۳۹)

که ڵکه ڵه

ئەمشەو مەستم.
ئەمشەو گێژم.
ئەمشەو کاسم-
لە سەر تەختی سەری یاخیم
ژنێک تاجی لە سەر ناوە ... کە نایناسم!

تمنای درون

مستم امشب.
گیجم امشب.
منگم امشب-
بر سر تخت خویش یاغیم
زنی تاج بر سر نهاده ... کو را نمی‌شناسم!

۷ و۱۹۸۳/۴/۸ مسکو

(۴۰)

تا چرای ئێمە نەسووتێ ...

(ئەو گەلەی گەلێکی‌تر دەچەوسێنێتەوە
خۆی ناحەسێتەوە) بیرمەندێک

تا چرای ئێمە نەسووتێ،
ئێوە هەرگیز ڕووناکایی
نابینن بە چاوی خۆتان.
تا ئێمە دیل و کۆیلە بین،
هەر کۆت و نیر،
تۆق و زنجیر دەکەین بۆتان!

****

قرمان دەکەن؟
قورتان بە سەر!
گەر بشمرین
تەنیا دیلی دەدۆڕێنین،
چ هەیە لە دیلی تاڵتر؟
گەر بشمرین هەر سەرکەوتووین،
کوا لە کۆیلەی شەهید زاڵتر؟

****

قرمان دەکەن؟
قورتان بە سەر!
دوای مردنیش،

تا چراغ ما نسوزد

«آن‌جامعه که دیگر جامعه‌ای را گرفتار
می‌کند خود آسودگی نمی‌یابد.» گفته‌ی یک
اندیش‌مند

تا چراغ ما نسوزد،
شما هرگز روشنایی را
نمی‌بینید به چشمتان.
تا ما اسیر و برده باشیم،
مدام کُنده و یوغ اسارت،
حلقه و زنجیر بردگی می‌سازیم برایتان!

****

نابودمان می‌کنید؟
خاک بر سرتان!
گر بمیریم
فقط اسارت است باختمان،
آیا هست چیزی از اسارت تلخ‌تر؟
گر بمیریم تازه پیروزیم،
کیست از اسیر شهید چیره دست‌تر؟

****

نابودمان می‌کنید؟
خاک بر سرتان!
ز بعد مردنمان،

لێ ناگەڕێین	نخواهیم گذاشت
نیشتمانمان بکەن بە ماڵ.	خانه بسازید بر خاکمان.
لێ ناگەڕێین	نخواهیم گذاشت
گۆشتمان بخۆن وەک قەل و داڵ.	همچو لاشخور و کلاغ بخورید گوشت تنمان.
گەر هیچ نەبێ	گر هیچ نباشد
دەبینە خالۆزەی بێستان،	بدل خواهیم شد به آفت بوستان
زیوانی ناو دەغڵ و دانتان	یا سیاهک گندمزارتان
دەبینە لم،	لجن خواهیم شد،
دەچینە ناو پارووی نانتان	و فرو می‌رویم به لقمه‌ی نانتان
دەبینە مار،	مار خواهیم شد،
پەپکە دەخۆین لە ناو نوێنتان	و چنبره خواهیم زد در رختخوابتان
دەبینە شێرپەنجە و میکرۆب،	بدل به سرطان و میکروب می‌گردیم
گەرا دەخەین لە ناو خوێنتان	و تکثیر می‌شویم در خونتان
دەبینە کوان،	قُرحه و دمل خواهیم شد،
هەردەمەو لە جێیەک دەردێین،	و هر از چند گاه سر بر می‌آوریم در جسمتان،
دەبینە ژان،	درد و الم خواهیم شد،
لە سەد لاوە تێتان وەر دێین	و ز صد جا سر بر می‌آوریم از وجودتان،
دەبینە زێرووی هەزارپێ،	زالوی هزارپا می‌شویم،
دەم گیر دەکەین لە گەرووتان	خواهیم مکید خون گلوهایتان
دەبینە تامیسکەی سەر لێو،	بدل می‌شویم به تب‌خال روی لب‌ها،
باپشکێوی سەر پێڵووتان	یا که گلمژه می‌شویم بر پلک‌هایتان
قڕمان دەکەن؟	نابودمان می‌کنید؟
قوڕتان بە سەر!	خاک بر سرتان،
دوای مردنیش،	ز بعد مردنمان،
لێ ناگەڕێین نیشتمانمان بکەن بە ماڵ.	اجازه نمی‌دهیم خانه بسازید بر خاکمان.
لێ ناگەڕێین گۆشتمان بخۆن وەک قەل و	نخواهیم گذاشت همچو لاشخور و کلاغ

داڵ.
شایی بکەن دەیکەین بە شین.
پرسە دانێن، کاستان دەکەین بە پێکەنین!
دەبینە لەکەی زمان و تانەی سەر چاو،
دەبینە مووی ناو خۆراک و خڵتەی ناو ئاو!
تا چرای ئێمە نەسووتێ،
ئێوە هەرگیز ڕووناکایی
نابینن بە چاوی خۆتان
تا ئێمە دیل و کۆیلە بین،
هەر کۆت و نیر،
تۆق و زنجیر دەکەین بۆتان!

بخورید گوشت تنمان.
شادی کنید آن را بدل می‌کنیم به شیونتان.
در مراسم ترحیمتان منگتان می‌کنیم با خنده‌هایمان!
یا که بدل خواهیم شد به لک زبان و چشم‌هایتان،
مو خواهیم شد در میان آب و خوراکتان!
تا نیفروزد چراغ ما،
هرگز روشنایی را
نخواهید دید به چشمتان
تا ما برده باشیم و اسیرتان،
مدام یوغ و کُنده‌ی اسارت،
و حلقه و زنجیر بردگی می‌سازیم برایتان!

۱۹۸۳/۷/۲ مسکو

(۴۱)

ئێشک گرتن

ئەمشەویش، وەک شەوانی دی،
کارمامزی سرکی خەوم
لانەی چاوی بەجێ هێشتوم
بەختیاریی تۆ گەنجینەیە،
نەک بیدزن،
وا بە دیاریەوە دانیشتوم!

کشیک دادن

امشب نیز چون دیگر شبان،
آهوبچەی رمندەی خواب
آشیان چشمم را به جا نهاده
خوشبختی تو گنجینه‌ای است،
مبادا بدزدندش،
ازیرا بیدار مانده‌ام در کنار آن،

۱۱ و ۱۹۸۳/۱۲/۱۲ مسکو

(۴۲)

گومان

بۆچی هێندە لە هاتنەوەم بە تالووکەی؟
بۆچی دیسان لە دەروازەی گۆمان دەدەی؟
کێ دێ گلم بداتەوە؟
کێ دێ لە تۆم برفێنێ؟
تۆ نەبیت، لەم دنیایە دا،
بێ پەنایەکی وەکوو من،
چ خەم خۆرێک دالدەی دەدا؟
بۆچی هێندە لە هاتنەوەم بە تالووکەی؟
پەلەی چیتە؟
هەتا لێت دوور بم باشترە
وا نامۆیی دەرسی ئەشقم پێ دەخوێنێ
سۆزی دووریت
پەڕ و باڵی برووسکەییم لێ دەڕوێنێ!

گمان

چرا این همه از آمدنم در مهلکه‌ای؟
چرا دوباره بر دروازه‌ی گمان می‌کوبی؟
چه کسی می‌آید نگهم دارد؟
چه کسی می‌آید ز توأم برباید؟
گر تو نباشی در این دنیا.
بی‌پناهی چون مرا.
چه غم‌خواره‌ای می‌دهد پناه؟!
چرا این همه از آمدنم در مهلکه‌ای؟
چرا این همه در شتابی؟
دوری از تو هر چه بیشتر، بهتر
چرا که چنین بیگانگی درس عاشقی‌ام می‌آموزد
حزن دوریت
پرو بال برق‌آسایم می‌رویاند!

۱۹۸۳/۱۲/۲۶ پراگ

(۴۳)

گه ر سێوێک بوو ...

کەر سێوێک بوو، لەتی دەکەم:
لەتێک بۆ خۆم، لەتێک بۆ تۆ.
بزەیەک بوو، لەتی دەکەم:
لەتێک بۆ خۆم، لەتێک بۆ تۆ.
خەفەتێک بوو، بەشت نادەم،
هەڵی دەمژم وەک دوا پەتۆ!

گر سیبی بود...

گرسیبی بود، نصفش کنم:
نیمی به تو نیمی خودم.
لبخندی بود، نیمش کنم:
نصفی به تو، نیمی خودم.
غصه‌ای گر بود سهمت ندهم،
خواهمش مکید تا آخرین دم!

۱۹۸۳/۱۲/۲۱ پراگ

(۴۴)

بۆ مارگرێت

ڕەنگی وشە
لە چی بکا، چاکە بۆ تۆ:
لە ئەرخەوان؟
لە پەلکەزێڕینەی حەفت ڕەنگ؟
لە وەنەوشە، یا لە هێرۆ؟
ئەی بۆنەکەی
لە چی بکا، چاکە بۆ تۆ:
لە دووکەڵی پاش بۆردومان، یا گوڵەباخ؟
لە خاک و خۆڵ، یا لە شەوبۆ؟
دەنگی وشە
لە چی بکا، چاکە بۆ تۆ!
لە سرتەی ژوان، یا هاژەی چەم؟
لە بالۆرەی مازووچنان،
یا شەقژنی باڵی هەڵۆ؟
هەموو جارێ،
کە دەمەوێ
هەڵبەستێک بنووسم بۆ تۆ،
قەڵەمەکەم چاو شۆڕ دەکا،
وەک ئەو سمێڵبابرانەی
سەنگەریان لێت کردە گلکۆ
دەحەپەسێم،
لێم دەشێوێ،

برای مارگریت

رنگ واژه را
به چه مانند کنم که مناسب تو باشد:
به ارغوان؟
یا رنگین‌کمان هفت رنگ؟
به گل ختمی یا بنفشگان؟
پس بویش را
به چه مانند کنم که شایسته باشد برای تو:
به دود پس از بمباران یا گل محمدی؟
به بوی خاک یا گلَ شب‌بو؟
صدای واژه را
به چه مانند کنم که مناسب تو باشد:
به نجوای عشق یا خروش رودبار؟
به صدای نی نوازان بلوط‌چین،
یا به هم خوردن دو بال شاهین؟
هر از چند گاه،
که می‌خواهم
سروده‌ای بسرایم برای تو،
قلم در هم می‌کشد چشم و ابرو،
همچو آن سبیل کلفتان
که خاک سنگر را بدل کردند به مزار تو
مبهوت می‌مانم،
و سرگردان،

نازانم، بۆ هۆنراوەکەم،
چ بکەم بە دەنگ؟
چ بکەم بە رەنگ؟
چ بکەم بە بۆ؟
ئەی ئەو خاچەی لە خاچ درای،
شێرەژنی خاوەن شکۆ!

نمی‌دانم، برای سروده‌ام
به چه مانند کنم صدا را؟
و رنگ و جلوه را؟
به چه مانند کنم، رایحه و بو را؟
ای صلیبی که به صلیب کشیدند ترا،
ای شیر زن شکوه‌مند [و نا میرا]!

۱۹۸۴/۶/۲۲ مسکو

(۴۵)

پێ لێنان

«کێت لەگەڵ دایە، تەرەس؟»
«کێت لەگەڵ دایە، سەگباب؟»
ئێستا دانی پیا دەنێم،
بەسە، لێم مەدە، جەناب
ئاوی چەم و ڕووباران،
داری شێو و کەناران،
دڕندەی دەشت و شاخان،
فڕندەی ڕەزو باخان،
تەمی دۆڵ، کوچکی بەستان،
بای گەرمێن، بەفری کوێستان،
ملوێنان دیلی زیندان،
زیندانی شار و گوندان،
ئەندامی شانەکەمن،
هەموویان لەگەڵ مندان!

اعتراف

«ای رذل پست، با که همراهی؟»
«ای پدر سگ، با که همراهی؟»
هم اینک اعتراف می‌کنم،
بس است جناب بیش از اینم مزن
آب رودخانه‌ها و جویباران،
درخت کناران و بیشه‌زاران،
درنده‌ی دشت‌ها و کوهساران،
پرنده‌ی باغ‌ها و تاکستان،
مهِ دره و سنگ آتشدانِ،
باد گرمسیر و برف کوهستان،
میلیون‌ها اسیر مانده در زندان،
زندانی شهرها و روستایان،
اعضای نمایشم هستند،
و همراه من‌اند همه‌ی اینان!

۱۹۸۴/۶/۲۸ مسکو

(۴۶)

ئۆتۆنۆمی

نە خەندەیە، نە گریانە،
نە مردنە، نە ژیانە!

****

پێناسەکەی وا لای منە
کورد کوژە، هیوا خەسێنە،
دەست و دەم و پێ بە خوێنە.
ڕێگایەکە نابڕێتەوە-
لە نوێنەوە بەرەو سەنگەر،
لە ویشەوە بەرەو نوێنە!
عەیامێکە من دەیناسم
دێوجامە[1]یە،
خەمەگرووی هەزار ڕەنگە،
قوتابخانەی
بێ سەوادی و دەبەنگییە،
کانگای گولی و
سووزەنەک و
فەڕەنگییە

****

تا نەیکوشتووین،

خودمختاری

نه خنده است و نه گریستن:
نه مردن است و نه زیستن!

****

شناسنامه‌اش نزد من است
کُردکُش است و بر باد دهنده‌ی امید،
دست و دهن و پا به خون است.
راه بی پایانی است-
از رختخواب رو به سنگر،
وز سنگر رو به رختخواب!
دیر گاهیست می‌شناسمش
دام اسارت است،[1]
وزغ هزار رنگ است،
مکتبِ
بی‌سوادی و نفهمی است،
کان جذام
سفلیس و
سوزاک است.

****

تا به کشتن نداده ما را،

۱- دێوجامە: (دیجامە) چەند پارچە پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگە لێکی دەدەن و لە ڕاوەکەودا بەکاری دەهێنن.
دیو جامه: چند تکه پارچه‌ی رنگارنگ است که برای شکار کبک به کار گرفته می‌شود. (مترجم)

وەرن، چنگی بە خوێن سووری پێ هەڵبڕین،	بیایید ببریم چنگ به خون قرمز شده‌اش را،
بە شەق ڕووی پێ لە دیوار کەین	با تیپا رو به دیوارش کنیم
تفەنگی خۆکوژ فڕێ دەین،	پرت کنیم تفنگ خودی‌کُش را،
تفەنگی ئازادی سوار کەین	تفنگ آزادی بر سر پا کنیم
زرمە لە جەرگییەوە بێنین ...	ناله از دل و درونش برآریم...
لە بازرەقەی خوێنی ئەو دا،	در فوران خون او،
یەکەم تیشکی ڕۆژ هەڵسێنین!	اولین پرتو آفتاب برافشانیم!

مسکو ۱۹۸۴/۶/۲۸

(۴۷)

گه نجینه

لەو ساوە دنیا دنیایە،
ئادەمیزاد ئەشقی گەوهەر، زێڕ و زیوە.
لە پێناویان
بنی دەریا و قوللەی کێوی پشکنیوە.
کەچی من هەموو سبەینان
گەنجینەیەک دەدۆزمەوە،
کە دەبینم کەزی و بسکت
نیوەی بالێفمی تەنیوە

گنجینه

از آن هنگام که دنیا دنیاست،
آدمیزاده را عشق گوهر و سیم و زر بر سر است.
و به یافتن آن‌ها
ته دریا و قله‌ی کوه را زیر و رو کرده است.
اما من هر صبح‌گاه
می‌یابم گنجینه‌ای را،
آن زمان که می‌بینم زلف و گیسویت
در بر گرفته نیمی از بالشم را

۱۹۸۴/۸/۱۰ ادیسه

(۴۸)

چلچرا و مۆم

هەیە پێش نووسین،
چلچرایەکی شاکاری دەوێ،
بۆ دۆزینەوەی ڕێی دڵی سوڵتان
هەیە پێش نووسین،
بنەمۆمێکی ساکاری دەوێ،
بۆ خۆبینین و گڕ لە خۆ بەردان
بۆیە، پێش ئەوەی
قامک درێژ کەم بۆ قەڵەمی خۆم،
تەماشا دەکەم،
کامیان دەسووتێ؟ چلچرا یا مۆم!

چلچراغ وشمع

هستند بسیاری پیش از نوشتن،
چلچراغی زیبا می‌خواهند،
برای یافتن راهی به دل سلطان
هستند کسانی پیش از نوشتن،
ته شمعی قلیل و ساده می‌خواهند،
برای خود دیدن و خود شعله‌ور ساختن.
به همین دلیل پیش از آن که
انگشتم را دراز کنم به قلم گرفتن،
می‌نگرم،
چلچراغ یا شمع، کدام می‌سوزند گاهِ نوشتن!

۱۹۸۴/۸/۱۲ مسکو

گەش بینی

بۆ باران هەیە، گەر جارێک
لە نیوەی ڕێ تەڕم نەکا؟
بۆ بەفر هەیە، گەر جارێک
تێی نەکەوم و سڕم نەکا؟
قووڵیی ئەڤین چۆن بپێوم
گەر ئازیزێک جارێک دەست بەردارم نەبێ؟
ژیان بە چی بەراورد کەم،
ئەگەر مردن نێزیکی کەنارم نەبێ!

شفاف بینی

آیا هست بارانی که یک بار
در نیمه‌ی راه مرا نخیساند؟
آیا هست برفی اگر یک بار
در آن فرو نروم و کِرِخم نگرداند؟
ژرفای عشق را چگونه طی کنم؟
گر عزیزی یک بار دستم از سر بر ندارد؟
زندگی را با چه مقایسه کنم،
گر مرگ به نزدیک و کنارم نباشد؟

۱۹۸۴/۸/۱۸ مسکو

(۵۰)

گه‌وهه‌ر

گه‌ر به ده‌ریا بیّ،
چی له ناخ دایه ده‌یدایه شه‌پۆل
گه‌ر به شه‌پۆل بیّ،
چی له ناخ دایه ده‌یدایه که‌نار
که‌چی، له سالاّن، له مانگان جاریّک،
ده‌نکه گه‌وهه‌ریّک به شه‌پۆل ده‌بڕیّ،
ئه‌ویش ده‌یخاته کۆشی که‌ناریّک!
په‌له‌م لیّ مه‌که‌ن!
منیش پیّلیّکم،
بیّ ئۆقره و ئارام، هه‌رده‌م به‌ڕیّوه
به ده‌گمه‌ن ... ده‌ریا
ده‌نکه گه‌وهه‌ریّک له مستم ده‌نیّ،
ئه‌ویش ڕاده‌ده‌م بۆ کۆشی ئیّوه!

گوهر

گر به دریا باشد،
هر چه در خود دارد می‌دهد به امواج
و گر به امواج باشد،
هر چه در خود دارد می‌دهد به ساحل
در میان آمدن این همه ماه و سال فقط یک بار
دانه گوهری نصیب امواج می‌شود،
کو نیز می‌سپارد به آغوش ساحل!
عجله مکنیدم!
من هم یک موجم،
بی‌قرار و بی‌آرام، هر دم براه
به صورت اتفاقی، ... دریا
دانه گوهری می‌نهدم در مشت،
کان را می‌غلطانم به دامان شما!

۱۹۸۴ مسکو

(۵۱)

موفاوه‌زات

ئه‌ی گوایه بۆ دڵخۆش نه‌بین؟
ئه‌ی گوایه بۆ هه‌ڵنه‌په‌ڕین؟
چیمان که‌مه؟!
وا که‌شتیمان ڕوو له که‌نار، پشت له بایه؛
خێر و بێری کۆمپانیای خوێن
شه‌پول داوێ، بنی نایه؛
سه‌رمان به‌رزه وه‌ک ئالامان،
هاوڕێی هه‌ور و لووتکه‌ی چیایه!
ئه‌ی گوایه بۆ دلْخۆش نه‌بین؟
ئه‌ی گوایه بۆ هه‌لْنه‌په‌ڕین؟
چیمان که‌مه؟!
شه‌لین؟ کۆرین؟ لالین؟ که‌ڕین؟
چیمان که‌مه؟!
که‌ی بۆ که‌زی و بسکی دایکان،
وه‌کوو ئێستا، هه‌ش زۆر بووه؟
که‌ی له سایه‌ی
ته‌یمانی هێسک و پرووسکا
گوڵی ئاوا گه‌ش زۆر بووه؟
که‌ی گۆڕستان وا به هه‌ڕمێن و پڕ بووه؟
کوانێ؟ له کوێ؟
بێده‌نگی وا جاڕ دراوه و
مناڵیشی پێ کڕ بووه؟!
ئه‌ی گوایه بۆ دڵخۆش نه‌بین؟

گفتگوها

پس چرا دلخوش نباشیم؟
چرا نرقصیم و شاد نباشیم؟
چه کم داریم؟!
کشتیمان رو به ساحل و پشت به باد است
خیر و برکت کمپانی خون
موج می‌زند و عمقش بی‌نهایت است.
همچون بیرقمان سر بلندیم.
بیرقی که همره قله‌ها و ابرهاست
پس چرا دلخوش نباشیم؟!
چرا نرقصیم و شاد نباشیم؟
چه کم داریم؟!
شلیم، کوریم، کریم، لالیم؟!
چه کم داریم؟!
کی زلف و گیسوی مادران،
همچون این زمان این همه آشفته بوده؟
کی در سایه سار
چپَر استخوان‌های پوسیده
این گونه گل با طراوت فراوان بوده؟
کجا، گورستان این همه رونق گرفته؟
کو؟ در کجا؟
سکوت این چنین جار زده شده؟
آن چنان که کودک نیز از آن مبهوت گردیده؟!
پس چرا دلخوش نباشیم؟

ئەی گوایە بو هەڵنەپەڕین؟
سەرفرازین
وەک ڕانە مەڕ
لە ناو گەلە گورگی چاوتەنگا
تێرین وەکوو وردە ماسی
لە ناو هەناوی نەهەنگا!
ئەی گوایە بۆ دڵخۆش نەبین؟
ئەی گوایە بو هەڵنەپەڕین؟
شوانی گورگ‌زادە خۆش بن،
ئازادترین ڕانە مەڕین!

پس چرا نرقصیم و شاد نباشیم؟
مفتخر و سرافرازیم
چونان گلەی گوسفند
در میان گله گرگ‌های حریص و نظرتنگ
سیریم همچو خرده ماهیان
در معده و شکم نهنگ!
چرا دلخوش نباشیم؟
چرا نرقصیم و شاد نباشیم؟
چوپانان گرگ‌زاده سلامت،
ما رهاترین گلەی گوسفندیم!

۱۹۸۴/۹/۱۲ – مسکو

(۵۲)

دیوار

(۱)

تۆ، چەکەرەی چەمەنزاری،
من، درەختێکی ڕەهەندە
چۆن تێک بگەین؟
دیوارێکمان لە بەینایە،
بیست و یەک بەژن بڵندە

(۲)

«سەرت وێرانەی کۆنە یارانە
ئاخ، بۆچی زووتر لە دایک نەبووم،
تا خۆم گشتیان بام بە تاقی تەنێ ...»
«خۆزگە درەنگتر دەهاتمە دنیا،
دەبووم یەوانەی پاش من دەتگەنێ!»

دیوار

(۱)

تو جوانه‌ی چمنزاری،
من بلند درختی رونده
چگونه دریابیم همدیگر را؟
دیواریست بینمان،
به قامت بیست و یک انسان!

(۲)

-«سرت همچو ویرانه‌ی یاران قدیم
آخ که چرا زودتر ننهادم پا بر این دنیا،
تا خود همه‌شان می‌شدم تنهای تنها...»
ای کاش دیرتر می‌نهادم پا بر این دنیا،
تا درسی می‌شدم که بعدها دریابند تو را !»

۱۹۸۴/۱۰/۳۰ مسکو

(۵۳)

ژن

(۱)

بە بینینت
من دەبمەوە بنیادەمی چاخی بەردین،
دەچمەوە ناو ئەشکەوتی تار، جەنگەڵی چڕ.
گوێ شل دەکەم
بۆ برووسکە و گوڵەی هەور و بارانی خوڕ،
شارستانیی دوگمە و وایەر بزر دەبێ،
ئاتەشگەکان پڕ دەبنەوە لە پێت و گڕ

(۲)

چیت مەرام بێ، دەچێتە سەر:
تۆ دەتوانیت، بە نیگایەک،
سەوزەلانێک بە ڕووتەن کەی
لە دەستت دێ، بە هێمایەک،
بەردەلانێک بە چیمەن کەی
چیت مەرام بێ، دەچێتە سەر:
تۆ دەتوانیت باڵی زمانم ببەستی و
درەختی پەنجەم بێبەر کەی
لە دەستت دێ چەمی دەنگم تژی ماسی و
هەر پەیڤێکم پڕ گەوهەر کەی
تۆ دەتوانیت، بمکەیتە کۆیلەی مل بە تۆق.
لە دەستت دێ، تاجی سەروەریم لە سەر کەی.

زن

(۱)

به دیدنت
تبدیل می‌شوم به بشر عصر حجر،
باز می‌گردم به غار تار و جنگل گشن و پر خطر.
گوش می‌سپارم
به غرش رعد و تندرِ ابر و بارش مداوم باران،
مدنیت محو و تمدن گم می‌شود،
آتشکده‌ها دوباره پر شرار می‌شوند

(۲)

هر چه بخواهی دست یافتنی است!
تو به نگاهی می‌توانی،
سبزه‌زاری را صحرا گردانی
تو به اشاره‌ای می‌توانی،
زمین سنگلاخی را سبزه‌زار گردانی
هر چه بخواهی دست یافتنی است.
تو می‌توانی بال زبانم ببندی
و درخت پنجه‌هایم بی ثمر کنی.
از دست تو بر می‌آید جویبار صدایم را پر ز ماهی
و هر واژه‌ام را پر ز گوهر کنی
تو می‌توانی اسیرم کنی و یوغ به گردنم بگذاری.
از تو بر می‌آید تاج سروری بر سرم گذاری.

(٣)

له بن كۆمه‌ی خۆڵه‌مێشدا-
تۆ ژیله‌مۆی گه‌شی خولیای.
له گێژه‌نی تاریكیدا-
تۆ بریسكه‌ی به‌فری چیای-
له بیابانا - هاژه‌ی چه‌م و
له نه‌هاتا، هه‌ڵمی نان و
له غوربه‌تا، داڵده‌ی و په‌نای:
كلیلداری به‌هه‌شتی تۆ.
تۆ نه‌ک نیوه: هه‌موو دنیای!

(٣)

در زیر توده‌ی خاکستر-
تو فروزان اخگر خیالی.
بر پاشنه‌ی درِ تاریکی-
تو درخشش برف کوهساری.
خروش رودی در بیابان،
و در قحطسالی- بوی نان
و در غربت، ملجأ و پناهگاهی!
برای من تو کلیددار رضوانی.
تو برایم نه نیمه، بل همه‌ی جهانی!

۱۹۸۵/۱۱/۲۸ ترابلس

(۵۴)

کۆنگرەی شووشان

دوێنێ کۆنگرەبوو ...
کۆنگرەی شووشان بوو.
هەر وڵاتێک و شووشەیەکی نارد.
هەر شووشەیەک و
بەسەرهاتی خۆی پوختە گێڕاوە:
چەند قاوەخانە و چەند ماڵ گەڕاوە،
لە سەر چەند مێزان تاج لە سەر بووە،
چەند دەمی دیوە و چی تێ کراوە،
پێش ئەوەی کۆنگرە کۆتایی پێ بێ،
بوتڵێکی ڕەشی
لە سپێدەوە کڕ و کپ و مۆن
قوت بۆوە و هاتە بەر دەم میکرۆفۆن:

«خوشکان، برایان!
من وەکوو ئێوە سەربردەم نیە،
نە مێزم دیوە، نە کۆڕی یاران ...
نە گەشتی لادێ، نە باڕی شاران ...
ڕاستیتان دەوێ؟!
ئەو ڕێیە دوورەم بۆیە بڕیوە،
تا پێتان بڵێم:
من شووشەی بەعسم،
لە پاش و پێشی مرۆڤ بترازێ، هیچم نەدیوە!»

کنگره‌ی ظروف شیشه‌ای

دیروز کنگره‌ای بود...
کنگره‌ی ظروف شیشه‌ای.
هر کشوری ظرفی شیشه‌ای فرستاده بود.
هر شیشه‌ای
سرگذشت کامل خویش بازگو کرد:
چند قهوه‌خانه و چند خانه گشته است،
و بر سر چند میز تاج بر سر بوده،
در آن چه ریخته بوده و چه نوشین لبانی دیده!
قبل از پایان گرفتن کنگره
یک بطری سیاه
از سحر خاموش و بر ابرو گره
برخاست و میکروفن در دست، دادِ سخن داد:
«خواهران و برادران
من همچون شما ندارم سر گذشتی خاص و آن چنان
نه میز دیده‌ام نه جمع یاران...
نه گشت بر روستا و نه نوجوانان شهرها...
راستش را بخواهید؟!
این راه دراز زان رو بریدم،
تا فاش بر گویم:
شیشه‌ی بعثم
از پس و پیش انسان بگذریم چیزی ندیدم!»
۱۹۸۶/۱/۳۰ ترابلس

(۵۵)

تۆ دڵتەنگی ...

تۆ، دڵتەنگی
بۆ بێوەژن،
بۆ بێوەمێرد،
بۆ ئەو کۆرپانەی بێ بابن ...
منیش لە تۆ دڵتەنگترم
بۆ ئەو پەری و سوارچاکانەی
ساڵەهایە لە داک نابن!

تو دلتنگی

تو دلتنگی
برای بیوه‌زن،
برای بیوه‌مرد،
برای آن یتیم شده کودکان ...
من از تو دل تنگ‌ترم
برای آن پریان و چابک سواران
که سال‌هاست از مادر زاده نمی‌شوند!

۱۹۸۶/۱۱/۱۶ ترابلس

(۵۶)

له دایک بوون

گوێم له هاواری نه‌ته‌وه‌که‌مه ...
به‌ڵام دڵنیام
جیهانی سبه‌ی گوشاد و ڕووونه:
له دایک بوونی منالم دیوه
قیڕه و لینگ کوتان
یه‌که‌م نیشانه‌ی له دایک بوونه!

تولد

گوش به فریاد ملتم دارم...
اما اطمینان دارم
جهان فردا فراخ و روشن است!
ز مادر زادن کودکان را دیده‌ام
گریه و زاری و پای کوبیدن
اولین نشان ز مادر بودن است!

۱۹۸۷/۵/۲۰ ترابلس

(۵۷)

بۆ ئینته‌رناسیۆنالیستێک

«بۆ هاوڕێی سه‌لڤادۆریم خۆسێ ڕۆمیرۆس»
سه‌رکۆنه‌م مه‌که!
منیش، وه‌کوو تۆ، گۆی زه‌وی ماڵمه.
ئاسمانیش تافته‌ی کچی خه‌یاڵمه.
وه‌ک تۆش ده‌مه‌وێ، تا سه‌ر خواکرد بم.
بۆیه سه‌ربه‌ندی شیعرم هه‌ر کورده،
چونکه کوردم و ناهێڵن کورد بم!

برای یک اینترناسیونالیست

«برای دوستم سالوادور خوزه رومیروس»
سرزنشم مکن!
من نیز چون تو،گوی زمین خانه‌ی من است.
گنبدآسمان هم تافته دختر خیال من است.
همچو تو نیز می‌خواهم تا نهایت طبیعی بمانم
به همین دلیل کُرد است مطلع شعرهایم،
چون که کُردم و نمی‌گذارندم که کُرد بمانم!

۱۹۸۷/۵/۲۵ ترابلس

(۶۱)

بۆ هونه‌رمه‌ندێک

هەر چیت بیستووە دەربارەی
پەنجەشێر و گولی و ئایدز،
هەر چیت بیستووە دەربارەی
مشکە پەردە دڕەکانی بێریا[۱] و گێبلز[۲]،
هەرچیت بیستووە دەربارەی
گورگەکانی مۆسۆلینی،
سیسارکەکانی هۆنیکەر[۵]،
هەر چیت بیستووە دەربارەی
شالاوی جرجی تاعونچێن،
لێشاوی مەغۆل و تەتەر:
بۆ پۆرترێتی دوژمنم،
هەمووی لێکدە و
هەزار هێندەی باوێژە سەر!

****

برای هنرمندی

هر چه شنیده‌ای درباره‌ی
سرطان و جذام و ایدز،
هر چه شنیده‌ای درباره‌ی
موش‌های پرده‌در بیریا[۳] و گیبلز[۴]،
هر چه شنیده‌ای درباره‌ی
گرگ‌های موسولینی،
کرکس‌های هونیکر[۶]،
هر چه شنیده‌ای درباره‌ی
هجوم موش‌های طاعون‌زا،
یا هجوم مغول و تاتارها،
برای ترسیم پرتره‌ی دشمنم،
همه‌ی این‌ها را به هم بزن
و بزرگ‌نمایی کن هزار برابر آن را!!

****

۱- بیریا لاڤرێنتی (۱۸۹۹-۱۹۵۳): سەرۆکی پۆلیس و بۆ ماوەیەکیش وەزیری ناوخۆی یەکێتی شۆرەوی لە سەردەمی ستالیندا.

۲- گیبلز پاول (۱۸۹۷-۱۹٤٥): وەزیری پڕوپاگەندەی ئەڵمانیای نازی.

۳- بیریا لاورنیتی (۱۹۵۳-۱۸۹۹): فرمانده‌ی پلیس و برای مدتی هم وزیر داخلی اتحاد شوروی دوره‌ی استالین بود.

۴- گیبلز پاول (۱۹۴۵ ۱۸۹۷): وزیر تبلیغات آلمان نازی

۵- هۆنیکەر ئێنریخ (۱۹۱۲-۱۹۸۹): سەرۆکی ڕژێمی ئەڵمانیای ڕۆژهەلات (۱۹۷۳-۱۹۸۹).

۶ - هونیکر انریخ (۱۹۹۴-۱۹۱۲): رئیس جمهور رژیم آلمان شرقی در سال‌های ۱۹۷۳ تا ۱۹۸۹ بود.

له کۆمەڵگەی ئادەمزادا	در جامعه‌ی انسان‌ها
نەکەی چاوی لێ بگێڕی!	نکند چشم بگردانی !
بڕۆ، لە ناو بێشەیەکی	برو به میان بیشه‌ای
پڕ درەختی کرم لێداو،	پر از درختان کرم‌زده،
لە هەوینگ و جەنگەڵێکی	به میان نیزار و جنگلی
هەتا کەمەر نوقمی زەلکاو،	تا کمر فرو رفته در مرداب،
لەو بوودڕ و زەندۆڵانەی	در کندگاه‌ها و شکاف‌ها
وەتی هەن دوورن لە هەتاو-	که از زمان موجودیت به دورند از تابش آفتاب-
ورد ورد بگەڕێ، سەرانسەر	به دقت بنگر همه را سراسر
چاو بگێڕە	چشم بگردان
لە پیس‌ترین	بر کثیف‌ترین
دڕندە و جڕ و جانەوەر ...	درندگان و جانوران...
بۆ پۆرتریتی دوژمنم،	برای ترسیم پرتره‌ی دشمنم،
هەمووی لێک دە و	به هم بزن همه‌ی این‌ها را
هەزار هێندەی باوێژە سەر!	بیافزای هزار برابر آن را

۱۹۸۸/۱۱/۳ ترابلس

(۶۲)

دێوەرە و کەر[1]

دێوەرەیەک بە سواری کەر،
ڕێیەکی دووری گرتە بەر
نەیهێڵا کەر بدا بەینێ،
تا ڕێیان کەوتە بژوێنێ،
کەر کە بینیی وا لەو ناوە
گیا و گوڵ سەری پێوە ناوە،
مێوانی گەورەی سروشتە،
نە خێو نە باری لە پشتە!
بە زەڕە زەڕ، بە غارە غار،
دنیای هەموو کردە بەهار.
لە پڕ خاوەن کەری زۆرزان
هەستی کرد وا لەودیو تەلان
هەرا و هۆریا و دەنگە دەنگە،
ئیتر زانی کاری لەنگە!
گوتی: «کەرە گیان، گوێ گرە،
ئەو دەنگە دەنگی ڕێگرە!
هەتا زووە با بارت کەم
لە ڕێگران ڕزگارت کەم»
کەر دایە قاقای پێکەنین ...
گوتی: «قوربان، هاوڕێی شیرین!
بارەکەی من لە خۆت بار کە.
هەتا زووە خۆت ڕزگار کە.
کە من کەر بم، بارەبەر بم،

دستفروش و خر

دستفروشی سواره بر خر،
راه دوری گرفته بود در بر
اجازه نداد خر گیرد قراری،
تا راهشان افتاد به مرغزاری،
خر که در آن میانه مشاهده کرد
باد گل و گیاه را می‌جنباند،
خود بزرگ مهمان طبیعت است،
و نه صاحب و نه بارش بر پشت است!
با عرعر و جفتک چارکُش،
دنیا را چون بهار کشید در آغُش،
به ناگاه صاحب خر حیله‌گر
حس کرد آن ورِ کوه آن‌سوتر
سر و صدا و غوغایی به پا گشته است،
دیگر فهمید کارش از کار گذشته است!
گفت: «ای الاغ عزیز به هوش باش،
که آن صداي رهزن است و اوباش!
بیا که تا وقت است بارت کنم
وز رهزنان رستگارت کنم»
خر زد زیر خنده و گفت:
«قربان ای همره شیرین زبان!
بار من را بر خود بار کن.
و تا وقت است خود را رستگار کن.
گر من الاغ باربر باشم،

کورتان له پشت، هەش بە سەر بم،
فەرقی چییە؟ دەرد هەر دەردە،
کەری تۆ بم، یا هی جەردە!»

پالان به پشت و بیچاره باشم،
فرقی ندارد، درد همان است که بود،
خر تو باشم یا رهزن [بود و نبود] !»

۱۹۸۸/۱۲/۲۴ ترابلس

۱- بیرۆکەکە خزمایەتی هەیە لەگەڵ نەزیرە «فێبڵ» یێکی ئیزۆپدا (سەدەی شەشەمی پ.ز)، دەسکاریم کردووە و بۆ مەبەستێکی ترم بەکار هێناوە

۱- اندیشه‌ی این شعر به گفته‌ی شاعر نزدیکی خاصی با تمثیل‌های ایزوپ قصه‌پرداز یونانی سده‌ی ششم قبل از میلاد دارد که دستکاری و برای منظور دیگری به کار گرفته‌اند.

(۶۳)

هیوا

له کاتیک دا
له سه‌ره‌وه، له لووتکه‌کان،
تۆف و زریان له ده‌وه‌ن و داران وه‌ردێن،
خه‌مت نه‌بێ-
له بنه‌وه، له دۆڵه‌کان،
گیای نه‌وخیزه و گۆپکه ده‌ردێن.

امید

در هنگامه‌ای که
در آن بلندی‌ها، بر سر قله‌ها،
سوز و سرما می‌وزد بر درخت و بوته‌ها،
نگران مباش-
چرا که در زیر خاک و عمق دره‌ها،
سر بر می‌آورند نو رُسته گیاهان و شکوفه‌ها.

۱۹۸۸/۱۲/۲۵ ترابلس

فەرهەنگۆک

پیتی «ئـ»

ئاخافتن، وت‌وویژ، موفاوەزە: **گفت‌وگو کردن**

ئادگار: **چهره، سیما، رخسار**

ئاسک، مامز: **آهو**

ئەشکەوت: **غار**

ئەلها: **آرزو**

ئەڤین، ئەوین: **عشق**

ئاور، ئاگر، ئاهێر: **آتش**

ئاوڕدانەوە: **به عقب نگریستن، بازگشتن، مراجعت کردن، برگشتن**

پیتی «ب»

باپشکێو: **گل‌مژەی چشم**

باشوور: **جنوب**

باکوور: **شمال**

بالوورە، زەل: **نی برای نی‌نوازی، نی**

بروسکە، تروسکە: **رعد، آذرخش**

بریسکە: **برق زدن**

بزر: **گم، ناپیدا،، نهان، پنهان**

بزریکێنن: **به فریاد آیند**

بزە، زەردئەخەنە: **لبخند، نوشخند، تبسم**

بنێژە: **دفن کن**

بۆدڕ: **کنده‌گاه**

بەردەباز: **تیپاسنگ، سنگی که در سر راه به تیپا گرفته شود**

بەردەنووس: **کتیبه‌ی سنگی، سنگ‌نوشته**

بەرزەفت کردن: **مُسخر نمودن، تسخیر کردن**

بەڵێن: **قول، قرار، پیمان**

پیتی «پ»

پاساری: **گنجشک**

پلورەی هەنگ: **کندوی زنبور عسل**

پەلکەزێڕینە، کۆلکەزێڕینە: **قوس قزح، رنگین کمان**

پەلەپەل، بەلەز بوون: **تعجیل کردن، شتافتن**

پەیڤ، قسە، وتە: **گفتار، سخن**

پێل، شەپۆل: **موج**

پێناسە: **شناسنامه**

پیتی ت

تاپۆ، تارمایی، ڕەشایی: **شبح**

تالان فرۆش: **حراج کردن**

تامیسکە: **تب‌خال**

ترپەترپ: **صدای آرام و یکنواخت دانه‌های باران**

تریفەی مانگ: **نور مهتاب**

تۆسقاڵێک، تۆزقاڵێک، نەختێ: **اندکی، کمی، مقداری**

توف و زریان: **سوز سرما**

تۆق و زنجیر: **حلقه و زنجیر بردگی یا اسارت**

تۆمار کردن: **به ثبت رسانیدن**

تەم، مژ: **مِه، مِه صبحگاهی**

تەرەس: **رذل و پست**

تەیمان: **چِپَر، خانه‌ی از نی ساخته شده**

تیریژ، تیشکی خۆر: **پرتو آفتاب، اشعه‌ی آفتاب**

پیتی چ

چەکەرە، چرۆ: **جوانه‌ی گیاه**

پیتی خ

خزۆک: **خزنده**

پیتی د

دلۆپ، تنۆک: **قطره‌ی آب یا باران**

دلۆڤان، خاوەن بەزەیی، دڵنەرمی: **مهربان**

دوا پەتۆ: **لحظه‌ی آخرین، دم آخرین**

دوند، ترووپک: **قله‌ی کوه**

دەبەنگ، بێئاوز، گێلوگەوج: **خُل، بی‌غیرت، نفهم و نادان**

دەدۆڕێنین: **می‌بازیم، خواهیم باخت**

دەعبا: **جانور**

پیتی ر

ڕاڤە کردن: **تفسیر و تشریح**

ڕامووسان: **بوسیدن**

ڕاو: **شکار**

ڕم: **نیزه**

ڕمبە: **فرو ریختن هر چیز، فرو ریختن بهمن یا آوارخانه**

ڕمی باڵدار: **شراره‌ی پرلهیب آتش که گویی بال درآورده است**

ڕەشەبا: **باد دبور، بادی که از مغرب می‌وزد**

ڕووتەن: **صحرا، جای لم‌یزرع**

ڕەوەز: **صخره، سنگ‌های چین بر چین کمر کوه**

پیتی ز

زار: **دهان، زبان**

زڕ: **غیر اصیل، مثل**: زڕدایک= **نامادری**، زڕباوک= **ناپدری**

زریان: **باد تندی که از جانب جنوب می‌وزد**

زریکاندن: **فریاد کشیدن**

زنار: **صخره‌ی عظیم، کوه سنگی**

زنج: **کوخ، آلاچیق از نی ساخته شده**

زەردەواڵە: **زنبور**

زەندۆڵ، ڕەهۆڵ: **شکاف بزرگ، دره‌ی تنگ**

زەنگو لێدان: **رکاب زدن**

زەنگین، زەنگون، دەوڵەمەند: **ثروتمند، دارا**

زێڕوو: **زالو**

پیتی ژ

ژوان: **میعاد، به هم رسیدن دو نفر در جای تعیین شده**

ژیلەمۆ، وردەئاگری ناو خۆڵەمێش: **اخگر زیر خاکستر**

پیتی س

سرتە، پچ پچ: **نجوا کردن، پچ پچ کردن**

سمێڵ بابڕ: **سبیل کلفت**

سندم: **زنجیر و پابندی که بر پای اسیران نهند**

سواڵەت: **سفال**

سەر کونەکەران: **سرزنش کنندگان**

سیسارک: **کرکس**

شاڵاو و لێشاو: **هجوم**

شەقڕن: **به هم خوردن بال پرنده**

شێرپەنجە: **سرطان**

شیر و زرێ: **شمشیر و زره**

شین: **رنگ سبز و آبی، شیون**

شێی: **ظلمات، تاریکی، رنگ کهر**

پیتی ق

قاز و قورینگ: **پرندگان مهاجر**

قاشۆ، گۆچان: **چوگان، عصا**

قامچی: **تازیانه**

قامک، تل: **انگشت**

قڕ کردن، تەفر و تونا: **نابود کردن**

قەشە: **کشیش**

قەل و داڵ: **لاشخور و کلاغ**

پیتی ک

کژ: **فصل، موقعیت**

کڕیار: **خریدار**

کڕیوە: **کولاک**

کوان: **قُرحه، دمل**

کۆت و نیر: **کُنده و یوغ اسارت**

کوڵم: **گونه، لُپ، عارض**

کەزی و بسک: **زلف و گیسو**

کۆیلە: **اسیر**

کەڵکەڵە: **تمنای درون، خواست درون، وسوسه**

پیتی گ

گڕ: **شعله، شرار آتش**

گڕکان: **آتشفشان**

گڵکۆ: **مزار، گور، قبر**

گوپکه: **غنچه‌ی درخت، تژه‌ی درخت**

گۆش کردن: **اولین شیر بعد از زایمان، آغوز به نوزاد دادن**

گه‌را خستن: **تخم‌گذاری حشرات، جهت تکثیر سریع**

گه‌نج، جه‌حێڵ: **جوان، برنا**

پیتی واو

وه‌نه‌وشه: **بنفشه**

پیتی ه

هۆبه: **سیاه‌چادر کولی‌ها، چادر**

هۆنراوه، هه‌ڵبه‌ست: **سروده، شعر**

هوندوڕ: **درون تاریکی**

هه‌سپی خورت: **اسب نیرومند و قوی هیکل**

هه‌ڵپه کردن: **شتافتن، شتابیدن**

هه‌ڤاڵ: **دوست و همراه**

هه‌ڵۆ: **عقاب سیاه**

هه‌وارگه: **ییلاق**

هه‌واڵ: **خبر**

هه‌نیه: **پیشانی، رخساره، چهره**

هه‌وینگ: **نیزار**

هێرۆ: **گل ختمی**

قیمت : ۲۵۰۰۰ ریال